دێمۆکراسی بۆ ئێــران    خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران | ١٥ی رەزبەری ١٣٨٢ | ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٧٤ | ١٥٠ تمەن


### بەدوای کوژرانی وەکیلی حیزبی دیموکرات لە پەروەندەی تیروری دوکتور قاسملوودا

## دەفتەری سیاسیی حیزب پەیامی سەرەخۆشیی بۆ بنەماڵەی مانفرێد وایدینگێر نارد

رۆژی ٣١ی ژووئیەی ئەمساڵ دوکتور مانفرێد وایدینگێر وەکیلی ئوتریشیی حیزبی دیموکرات بۆ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمرو هاوڕێیانی، بێ سەروشوێن بوو. رۆژی ١٣ی سێپتامبر تەرمەکەی لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری وییەن دۆزرایەوە. لە رێورەسمی بەخاك سپاردنیدا، هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوونو هەر بەو بۆنەیەشەوە دەفتەری سیاسیی حیزب پەیامێکی سەرەخۆشیی بۆ بنەماڵەی دوکتور مانفرێد وایدینگێر نارد. لە بارەی ئەو رووداوەوە، راپۆرتێك وێڕای دەقی پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسی لە لاپەڕە ٣ی ئەم ژمارەیەدا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

## بەستنەوەی مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی بە هێندێك مەرج بۆ چ مەبەستێك؟

لە ململانێو مشتومڕی نێوان دەسەڵاتدارانی رێژیم لە سەر مۆرکردن یا مۆرنەکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقیی تایبەت بە پەرە پێنەدانی چەکی ئەتۆمیدا، سەرئەنجام رەفسەنجانی سەرۆکی "کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام" (مجمع تشخیص مصلحت نظام) باسی ئەگەری مۆرکردنی ئەو پرۆتۆکۆلە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی کرد. بەڵام ئەو مۆرکردنەی بەستەوە بە قبووڵ کردنی هێندێك تەعەهود لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو ژمارەیەك لە وڵاتە خاوەن نفووزەکان.

یەکەم پرسیار کە لەو بارەوە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەڕاستی لە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیدا نەبووەو لە هەوڵ دا نیە، مۆرکردنی پرۆتۆکولی ئیلحاقیی تایبەت بە پەیماننامەی پەرە پێنەدانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئەو رێژیمەوە، چ گیروگرفتو کۆسپێکی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە دەبێ؟ پاشان ئەگەر ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو وڵاتە خاوەن نفووزەکان ئەو مەرجانە لە کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن کە لە بەرامبەر مۆرکردنی پرۆتۆکولی ئیلحاقیدا، لێی دەوێن، ئایا مانای ئەوە نیە کە دەستی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدانی هەوڵو تێکۆشانە ئەتۆمییەکانیدا ئاوەڵا دەهێڵنەوە؟ چونکە کۆماری ئیسلامی خوازیاری ئەوە بووە کە شوێنە پیرۆزەکانو ماڵو خانووبەرەی رێبەرانی مەزهەبیی رێژیم لە بازنەی چاوەدێریو پشکنینی لێکۆڵەرانی ئەو ئاژانسە بچنەدەرو کاریان بەسەریانەوە نەبێ. بە سەرنجدان بەوە کە لە روانگەی رێژیمەوە سەدانو هەزاران شوێنو جێگای پیرۆز هەنو بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژمارەی رێبەرانی ئایینی لە بژاردن نایە! ئاشکرایە لەو حاڵەتەدا، دەستی کۆماری ئیسلامی هەموو کات بۆ شاردنەوەی تێکۆشانە ئەتۆمییەکانی بە مەبەستی دروست کردنو بەرهەمهێنانی چەکی کوشتاری بە کۆمەڵ ئاوەڵا دەمێنێتەوە. بەو جیاوازییەوە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، بە کەمێك نیگەرانییەوەو رەچاوکردنی تێبینیو پارێزی زیاترەوە، ئەو هەوڵانەی خۆی درێژەدەدا. بەڵام ئەوکات کە ئەو مەرجانەی لێ قبووڵ کرا، بە خەیاڵی ئاسوودە، لەو شوێنە تایبەتییانە کە دەستی لێکۆڵەرانیان ناگاتێ، هەوڵو تێکۆشانی خۆی درێژە پێدەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقیی تایبەت بە پەیماننامەی پەرەپێنەدانی چەکی ئەتۆمیی، بە یارمەتیی وڵاتانی خاوەن نفووز بەو رێژیمە لە بواری دەوڵەمەند کردنی ئورانیومو تێکنۆلۆژیی ئەتۆمیدا، بەستۆتەوە. ئەمەش شتێکە کە ئەگەر لێی قبووڵ بکرێو وەڕاست بگەڕێ، ئەگەر مەترسیی دەست راگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بەو جۆرە چەکانە زیاتر نەکا، کەمی ناکاتەوە. چونکە بەم جۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو کارانەی ئێستاو رابردوو لە بواری وەدەستهێنانو بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیدا بە نهێنیو لە رێگای تەونو بەستی شاراوەو نهێنی لەگەڵ هێندێك وڵات ئەنجامی دەدان، لەمەوبەدوا بە ئاشکراو لە ژێر ناوی گەیشتن بە تێکنۆلۆژیی ئەتۆمیی ئاشتیخوازانەدا، جێبەجێیان دەکا.

قبووڵ کردنی مەرجە پێشنیار کراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو وڵاتە خاوەن نفووزەکانەوە، بە کردەوە دەبێتە رەوایی (مشروعیت) دان بە کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری دەست راگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیداو مەترسییەکان زیاتر دەکا. بە تایبەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا نیشانی داوە، کە رێز بۆ پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان دانانێو تەنانەت لە جێبەجێکردنی نێوەرۆکی ئەو پەسند کراوانەش کە بۆخۆی ئیمزای کردوون، بە هاسانی خۆدەبوێرێو لە پێشێل کردنو پشت گوێ خستنیان، ناپرینگێتەوە.

بە کورتی هەرچەشنە دانەواندنێك بۆ کۆماری ئیسلامیو قبووڵکردنی هەر جۆرە مەرجێك لەو رێژیمە، بە تایبەتی لە بواری درێژەدان بە هەوڵەکانی لە بواری دەست راگەیشتن بە چەکی کوشتاری بە کۆمەڵدا، دەبێتە هۆی بەردەوامیی زیاتری ئەو رێژیمە لە سەر درێژەدانی هەوڵو تێکۆشانە ئەتۆمییەکانیو، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە کۆماری ئیسلامی پتر لە پێشوو لە جیهانی هاوچەرخ یاخی بێ.

### لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان

## وتووێژ بۆ گۆڕینەوەی زیندانییەکانو ئەگەری بەرەڵڵاکردنی ئەنجامدەرانی تیرۆری میکونووس

رۆژنامەی ئیسرائیلیی "هەئارێتس" لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبردا راپۆرتێکی لە سەر وردەکارییەکانی [ وتووێژی تایبەت بە ] گۆڕینەوەی زیندانییەکان لە بەینی ئیسرائیلو حیزبوڵڵای لوبنان بڵاوکردەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکە سەرێکی ئەو سەوداو گۆڕینەوە دوولایەنەیە، دەچێتەوە لای لایەنێکی سێهەم کە ئەنجامدەرانی تیرۆری میکونووس لە ساڵی ١٩٩٢دا لە بێرلین کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتو سێ هاوڕێی دیکەی ئەویان کوشت، دەگرێتەوە. حیزبوڵڵای لوبنانیش رۆژی چوارشەممە ٩ی رەزبەر ددانی بەوەدانابوو کە بە ناوبژیوانیی ئاڵمان لە بەینی ئەو رێکخراوەو ئیسرائیلدا وتووێژ بە مەبەستی گۆڕینەوەی زیندانییەکان لەگۆڕێدا هەیە.

پەرویز دەستماڵچی کە بۆخۆی شاهیدی راستەوخۆی رووداوی تیرۆری میکونووس بووە لە وتووێژێك لەگەڵ "رادیۆی فەردا"دا، ئیشارەی بەوە کرد کە لە ئاڵمان قانوونێك هەیە. بە گوێرەی ئەو قانوونە "هەر مەحکوومێك پاش تێپەرکردنی دوو لە سێی ماوەی زیندانییەکەی، دەکرێ بە سەرنجدان بە هێندێك مەرجوتێبینی ئازاد بکرێ". بەڵام گوتی سەرەڕای بوونی ئەو یاسایەش زەحمەتە دووکەس لە گیراوەکانی تیرۆری میکونووس کە بە ئەبەد مەحکووم بوونو هەروا لە زیندان دان، ئازاد بکرێن. چونکە مەسەلەکەی ئەوان هەر لایەنی قەزاییو جەزایی نیە، بەڵکوو مەسەلەکە بیروڕای گشتییە کە بە شێوەیەکی زۆر بەرینو توند دژی ئازادکردنیان دەوەستێ. مەسەلەی عەباسی رایلو کازمی دارابیی کازرونی لەگەڵ مەسەلەی "رۆن ئاراد" زۆر لێك جیاوازن. "رۆن ئاراد"، ئەندازیاری فڕین بووە لە فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئیسرائیلیداو ساڵی ١٩٨٦ لە باشووری لوبنان کەوتۆتە خوار. "رۆن ئاراد" کەسێك بووە لە ئەرتەشی ئیسرائیلدا، بەڵام کازمی دارابیو رایل تیرۆریستن. رایل بۆخۆی گوللەی گیان دەرچوونی لە قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس داوە. بە سەرنجدان بە هەلومەرجی نێونەتەوەییو ئەو خەباتە بەرینەی دژی تیرۆریزم بە تایبەتی ئەو تیرۆریزمەی دەوڵەتان لە پشتییەوەن، لە گۆڕێ دایە، ئەگەر سەوداو گۆڕینەوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ، بیروڕای گشتیی ئاڵمان زۆر بە توندیو بە شێوەیەکی بەرین دژی دەوەستێ.

## پەرەگرتنی تێکهەڵچوونو ئاڵۆزی لە نێوان ئیسرائیلو دراوسێکانیدا




لە ئاکامی تەقینەوەیەکدا کە رۆژی شەممە ٤ی ئۆکتۆبر لە بەندەری حەیفاو لە بەرەبەری جێژنی "یوم کیپور"دا، رووی‌دا، ٢٠ نەفەر کوژرانو ٨٠ کەسیش بریندار بوون. ژنێکی ٢٩ ساڵەی فەلەستینی لە رێستۆرانێك بە ناوی ماکسیمدا خۆی تەقاندەوە. ئەو تەقینەوەیە بە گەورەترین کردەوەی خۆکوژی لە ماوەی ٣ ساڵی رابردوودا دادەنرێ. یاسر عەرەفات سەرۆکی فەلەستینییەکانو ئەحمەد قورەیع کە وا چاوەڕوان دەکرێ ببێتە سەرۆك وەزیری داهاتووی دەسەڵاتی فەلەستینییەکان، ئەو تەقینەوەیان مەحکووم کرد. بەو حاڵەش دەوڵەتی ئیسرائیل دەسەڵاتی فەلەستینیی بەوە تاوانبار کرد کە نایهەوێ تیرۆریزم بنبڕ بێ.

بە دوای تەقینەوەی رۆژی شەممەی رابردوودا، دەوڵەتی ئیسرائیل هێرشی مووشەکیی کردەسەر هێندێك شوێن لە نێو شاری غەززەو لە قووڵایی خاکی سووریەدا. رۆژی یەکشەممە ٥ی ئۆکتۆبر ئوردووگایەکی فەلەستینییەکان لە ٢٠ کیلومیتریی شیمالی رۆژئاوای شاری دیمەشق پێتەختی سووریە کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی ئیسرائیل. بەدوای ئەو هێرشانەدا یاسر عەرەفات حاڵەتی نائاسایی لە سەرزەوییە فەلەستینییەکاندا راگەیاندو بە مەبەستی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ قەیرانی تازەو پاراستنی ئەمنییەتی ئەو سەرزەوییانە کابینەیەکی نائاسایی بە بەشداریی کەسایەتییە فەلەستینییە جۆراوجۆرەکان پێك هێنا.

بە دوای ئەو هێرشانەدا، "رەغنان غەسین" راوێژکاری سەرۆك وەزیری ئیسرائیل لە وتووێژێك لە گەڵ CNNدا گوتی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پارێزگاری لە هاووڵاتانی، هەر کارێکی بە پێویستی بزانێ، دەیکا. ناوبراو هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی سووریەی وەك پەیامێکی ئاگادارکەرەوە بۆ [کۆماری ئیسلامیی] ئێرانو سووریە ناوبرد تا واز لە پشتیوانیی تیرۆریزم بێنن.



## حوکمی ئیعدامی ئەفسانەی نەورۆزی دەبێ هەڵوەشێتەوە



ئەفسانەی نەورۆزی، ئەو ژنەی لە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٧٦دا سەرۆکی بەشی پاراستنی ئیتلاعاتی هێزی نیزامیی دوڕگەی "کیش"ی بە چەقۆ کوشتبوو، بە ئێعدام مەحکووم کراوەو حوکمی ئێعدامەکەی لە لایەن دیوانی بەرزی وڵات تەئیید کراوەو بۆ جێبەجێ کردن بە دادگای کیش راگەیاندراوە.

ئەفسانە لە کاتی لێکۆڵینەوەو موحاکەمەدا گوتویەتی: "م" (کوژراوەکە) دەیەویست دەستدرێژیی بکاتەسەرو ئەویش بۆ پارێزگاری لە ناموسی خۆی، کوشتوویەتی. لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی رووداوەکە بە بەشداریی چەند بەرپرسی ئینتیزامیو پزیشکی قانوونی بەڕێوە چوو، راستیی ئیددیعاکەی ئەفسانەی ــ کە گوتبووی بۆ پارێزگاری لە ناموسی خۆی ئەو کەسەی کوشتوە، ـ سەلماند. بەڵام دادگای جینایی کیش ئەو ئیددیعایەی قبووڵ نەکردو ئەفسانەی نەورۆزیی بە "قصاص" مەحکووم کردو دیوانی بەرزی وڵاتیش، بڕیارەکەی تەئیید کردوە.

راگەیەندرانی حوکمی ئێعدام بە دادگای کیشو زیندانی بەندەرعەباس بۆ جێبەجێکردن، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕینی ناوەندو بنیاتو کەسایەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بەرەوروو بووە. رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون، ژمارەیەکی زۆر لە کۆڕو کۆمەڵەو دامەزراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤو سەدان کەسایەتیی ئێران لە نامەیەکدا کە ٧ی رەزبەری ١٣٨٢ بڵاوبووە، داوای هەڵوەشانەوەی دەستبەجێی حوکمی ئێعدامی ئەفسانەی نەورۆزییان کردوە. ٣ نوێنەری ژنی ئەندامی مەجلیسی شووڕای ئیسلامییش (جەمیلەی کەدیوەر، ئەعزەم ناسریپوورو تاهیرەی رەزازادە) لە نامەیەکدا بۆ شاهروودی سەرۆکی دەزگای قەزایی، بەداخبوونی خۆیان لە دەرچوونی ئەو حوکمە دەربڕیوەو داوای لێکۆڵینەوەی دووبارە لەو پەروەندەیان کردوە.

دەستکردنەوەی ئەفسانەی نەورۆزی بە مەبەستی دیفاع لە ناموسی خۆی کە بووە بە هۆی کوشتنی کاربەدەستێکی دژی گەلیی رێژیم، تەنانەت بە سەرنجدان بە یاساکانی ئەو رێژیمەش، کارێکی تەواو رەواو لە جێیخۆیدایە. بەڵام وادیارە دەزگای قەزایی رێژیم بەو هۆیەوە کە دەستدرێژکەر، کاربەدەستێکی جینایەتکارو سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بووە، بە هاسانی یاساکانی خۆشی دەخاتە ژێر پێو ناهێڵێ خوێنەکەی بەفیڕۆ بڕوا!

## خۆپێشاندانی مامۆستایان لە تارانو هێندێك لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران

هاوکات لەگەڵ ١٣ی رەزبەر رۆژی جیهانیی مامۆستایان، لە تارانو ژمارەیەك لە شارە گەورەکانی ئێران، کۆبوونەوەو خۆپێشاندانی بەربڵاوی مامۆستایان پێك هات. لەوکۆبوونەوەو خۆپێشاندانانەدا، مامۆستایان دژی وەزعی نالەباری ژیانی خۆیانو بێعداڵەتیو فەرقو جیاوازی لە مووچەو پێڕاگەیشتنی فەرهەنگییەکان لە چاو کارمەندانی ئیدارەو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەدا، نارەزایەتییان دەربڕی. لە تاران پاش کۆبوونەوە لەبەر دەرکی ئیدارەکانی سەر بە پەروەردەو فێرکردن، مامۆستایان بە رێپێوان شەقامی تاڵەقانییان بڕیو دروشمیان دا. هەواڵدەریی "ایلنا" رایگەیاند کە چوار کەس لە مامۆستایان بەو هۆیەوە کە کارتی پێناسی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنیان پێنەبووە، لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە گیراون. لە ئیسفەهان، دوو رۆژ بە دوای یەك، زۆر لە مامۆستایان مانیان گرت، هەربۆیە رۆژەکانی شەممەو یەك شەممە ژمارەیەك لە دەبیرستانەکان داخران. رۆژی یەك شەممە سەرەڕای راگەیەندراوی بەشی پارێزگاریی ئیدارەی پەروەردەو فێرکردن کە هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی مەنع کردبوو، نزیکەی ٢٠٠٠ مامۆستا لە بەر دەرکی ئیدارەی گشتی پەروەردەو فێرکردنی ئەو شارە کۆبوونەوەو دروشمیان داو خوازیاری ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان بوون.

## کوژرانی ٢٠ موسافیر لەئاکامی رووداوێکی دڵتەزێندا

شەوی ٥ی رەزبەر ئوتوبووسێکی پڕ لە سەرنشین کە لە تارانەوە بەرەو سەقز دەگەڕایەوە لە جادەی سوننەتە لەسەر پردێك کەوتەخوارێو بەداخەوە ٢٠ کەس لە سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکیش لە موسافیرەکان بریندار بوون. دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری قوربانییەکانی ئەم رووداوە دڵتەزێنە دەکاو چاکبوونەوەی هەرچیزووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.


٢ پەرەسەندنی دیاردەی هەژاری لە ئوستانی کوردستاندا
٢ قوتابیانو خوێندکاران هیوای سەرکەوتنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامین
٣ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێوان دوو بەرداشدا
٥ پەنجاو هەشتەمین خولی کۆڕی گشتیی UN
٨ بە بەس نەزانینی مافەکانی هاووڵاتی بۆ "کەمە نەتەوەکان" (بەشی دووهەم)
٩ قەتڵی ناموسی
١٠ شارەداری تارانو چەند داهێنانێکی نوێ!

# پەرەسەندنی دیاردەی هەژاری لە ئوستانی کوردستان‌دا

هەژیر

دیاردەی هەژاری، بە تایبەت هەژاریی "مادد"ی کە زۆر جار سەرچاوەی سەرجەم شێوەکانی دیکەی هەژاری‌یە، تەنانەت لە لایەن کۆمەڵناسانەوە بە دایکی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ناودێر کراوە، ئەمڕۆ بۆتە گرفتێکی سەرەکیی وڵاتانی جیهان‌و بە تایبەت وڵاتانی جیهانی سێهەم. دیاردەکانی وەك قەتڵ، دزی، ئێعتیاد، توندوتیژی، لەشفرۆشی، منالانی سەر شەقام، بەدخۆراکی، هەڵاتنی کچان‌و فروشتنیان‌و . . . لە ئاکامی پەرەسەندنی هەژاری‌دا سەر هەڵ دەدەن. بە هۆی نێوەرۆکی شووینستی‌و دژی گەلیانەی حکوومەتە سەرەڕۆیەکانی حاکم بە سەر وڵات‌داو بە بیانووی ناڕەواو نەبوونی ئارامی‌و تەناهی‌و بوونی بیری جیایی‌خوازی لە کوردستان‌دا، هەمیشە کوردستان لە هەژاری‌و بێ‌بەشی‌دا ڕاگیراوە. ئەو حکوومەتانە نەك هەر بوونەتە مایەی هەژاری لە ناوچەی کوردستان‌دا، بەڵکوو بەردەوام خەریکی تالان کردنی سەرچاوە سروشتی‌یە جۆراوجۆرەکان بوون‌و وەك تاقیگەیەك بۆ کوشتوبڕی بێتاوان (وەك کوشتاری ئاوایی‌یەکانی قارنێ‌و قەڵاتان‌و سەر چنارو . . .) سەیریان کردوە. بەڵام ئەوە لە حالێکدایە کە هەر کاتێك ئەو حکوومەتانە هێرشیان کرابێتە سەر یا لەگەڵ هەڕەشەو مەترسی‌یەکی لەو چەشنەدا ڕووبەڕوو بووبن، وەك ڕەسەنترین



ئێرانی‌و گەلێکی بوێرو سنوور پارێزێکی قارەمان‌و ئازاد باسیان لە کورد کردوە. لە هەمان کاتیش‌دا هەر کات گەلی کورد خوازیاری گەیشتن بە سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆی بووبێ وەك مەترسی‌یەك بۆ سەر ئەمنییەتی میللی سەرکوتیان کردوە. کێشەی کوردیان بەو بیانووەی کە کێشەیەکی نێوخۆیی‌یە لە بیروڕای خەڵکی دنیا شاردۆتەوەو بە ئاگرو ئاسن ویستەکەیان وەڵام داوەتەوە.

گەلی کورد زیاتر لە ١٠ میلیۆن لە حشیمەتی ئێران پێك دێنێ، بەردەوام کاربەدەستانی ئەو حکوومەتانە کوردستانیان وەك ناوچەیەکی ئەمنییەتی سەیر کردوەو زۆر بە توندی وەڵامی داخوزای‌یەکانی داونەتەوە. هەر بۆیەش ئێستا کوردستان بە گشتی‌و ئوستانی کوردستان بە تایبەتی بە یەکێك لە هەژارترین ناوچەکان دەناسرێ. دیاردەی هەژاری لە ئوستانی کوردستان‌دا لە ئاکامی بایەخ پێنەدان‌و پێشگرتن لە گەشەی ئابووری، دانەمەزراندنی کارگەی جۆراوجۆرو بێکاری، چوونە سەری ڕێژەی حەشیمەت‌و . . . هتد هاتۆتە ئاراوە. تا چەند ساڵ لەوە پێش کاربەدەستانی ڕێژیم پاساویان لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا ئەوە بوو کە ناوچەی کوردستان ناوچەیەکی نائارامە، کەچی لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کاربەدەستانە ئەو ناوچەیە بە یەکێك لە ئارامترین ناوچەکانی ئێران دەزانن.

"رازانی" ئوستانداری کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵنێری "ایسنا"دا گوتی: "ئەمڕۆ ئوستانی کوردستان یەکێك لەئارامترین ئوستانەکانی وڵاتەو لە زۆر لە شارە گەورەکانی ئێران ئارامترە". لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆ چی کوردستان تا ئێستاش لە هەژاری‌و دواکەوتوویی‌دا ڕاگیراوە؟

بە چاوخشاندن بە سەر ئەو ئامارانەی کە لەم بوارەدا لە لایەن خودی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بڵاوکراونەتەوە، قووڵایی مەسەلەکە زیاتر روون دەبێتەوە. بە گوێرەی ئامارێك کە ڕێکخراوی مودیرییەت‌و بەرنامەدارێژی، لە نێو بنەماڵە شارنشینەکانی وڵات‌دا کوردستان پلەی ٢٦و لە نێو بنەماڵە دێهاتی‌یەکان‌دا پلەی ٢٧ی وڵاتی هەیە. هەر بە گوێرەی ئەو ئامارە، نێونجی داهاتی ساڵانەی هەر بنەماڵەیەکی کوردستانی ١٨ میلیۆن قرانە، لە حالێك‌دا لە ئاستی وڵات‌دا ٢٦ میلۆن قرانە، هەروەها ١٢٪ حەشیمەتی چالاکی کوردستان ئێستا بێکارن. هەر چەند ئەو ئامارە وێناچێ زۆر دروست بێ، چون بە گوێرەی هێندێ لە ئامارەکان نێونجی بێکاری لە ئێران‌دا لە ٣٠٪ نزیك بۆتەوە، کە ئوستانی کوردستان یەکێکە لە هەژارترین ئوستانەکانی وڵات کەوابوو دەبێ ڕێژەی بێکارەکانی لەوە زیاتر بن، کەچی دیسانیش هەر ئەو ئامارانەش ئەوە نیشان دەدەن کە ئوستانی کوردستان ئوستانێکی هەژارەو داهاتوویەکی

> **گەلی کورد زیاتر لە ١٠ میلیۆن لە حشیمەتی ئێران پێك دێنێ، بەردەوام کاربەدەستانی ئەو حکوومەتانە کوردستانیان وەك ناوچەیەکی ئەمنییەتی سەیر کردوەو زۆر بە توندی وەڵامی داخوزای‌یەکانی داونەتەوە**

ترسناك چاوەڕوانی دەکا. هەر بە گوێرەی ئەو ئامارە ٧٠ هەزار کەس لە حەشیمەتی چالاکی ٥٨٣ هەزار کەسی لە ئوستانی کوردستان‌دا بێکارن کە ٨٠٪ لەو حەشیمەتە لە بواری فەننی‌دا شارەزایی‌یان نیە. سیاسەتە چەوت‌و دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم لە سەرمایەگوزاری نەکردن‌و نەکردنەوەی یەکە پیشەیی‌یەکان‌و پێشگرتن لە بەدەستهێنانی شارەزایی فەننی ئێستاش هەروا درێژەیان هەیە. بۆ وێنە جیاوازیدانان لە وەرگرتنیان بۆ کۆنکووری سەرانسەری‌و ڕەدکردنەوەی تێزی دوکتورای خوێندکارانی کورد لەو نموونانەن.

لێ وردبوونەوە لەو ئامارانە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ڕوانگەی سەرانی ڕێژیم دەرهەق بە کوردستان هەروا ڕوانگەیەکی ئەمنییەتی‌یەو کوردستان لە هەر بارودۆخێك دابێ، لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بایەخی پێ نادرێ، تاوانی هەژاری‌و دواکەوتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ‌شك تەنیا کورد بوونیانە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە هیچ بەهایەکیان پێ نەدرێ.

لە بەشی کشت‌وکاڵیش‌دا ئوستانی کوردستان لەگەڵ ئەوە کە ١ میلیۆن‌و ١١٠ هەزار هێکتار زەویی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام بەو ڕادەیە لە سەر دۆخی ئابووریی خەڵك‌و ناوچەکە شوێنی دانەناوە. هەر چەند هۆکارەکانی وەك کەم بارانی‌و ویشکەساڵی لە سەر دۆخی کشتوکاڵیی ئەو ئوستانە کاریگەر بوون، بەڵام هۆکاری بنەرەتیی ئەو کەم داهاتی‌یە کە لەو بوارەدا دەبیندرێ دەگەڕێتەوە سەر بایەخنەدانی بە ئەنقەستی خودی ڕێژیم بەو بوارە. تا ئێستاش تەنیا ١٠٪ لە زەوی‌یەکانی ئەو ناوچەیە بە شێوەی بەراو کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، ئەوە لە حالێکدایە ٩٠٪ بە شێوەی دێمی دەچیندرێن‌و ڕێژیم تا ئێستاش هیچ پرۆژەیەکی بۆ بەراو کردنی ئەو زەوی‌یە دێمییانە بە دەستەوە نیە.

لە بوارە پیشەیی‌یەکانیش‌دا هەر بە هۆی ئەو سیاسەتە هەڵانەوە، ئوستانی کوردستان یەکێك لە ناوچە دواکەوتوەکانی وڵاتە. بە پێی ئەو ئامارەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ‌کرا، لە ئوستانی کوردستان‌دا ٤٧٠ یەکەی پیشەیی گەورەو بچووك کار دەکەن کە لەم یەکانەدا بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دراون ١١/٨٪ بەرانبەر بە ٣٧ هەزار کەس کار دەکەن. کە ئەو پێودانە بە بەراورد لەگەڵ ئوستانەکانی دیکەدا بایەخێکی ئەوتۆی نیەو ئەو یەکە پیشەیی‌یانەش لە ئاستی وڵات‌دا یەکەی کلیدی نین.

هەر وەك ئاماژەی پێ کرا یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامەکانی جێگەی داخی دیاردەی هەژاری بەدخۆراکی‌یە، بوونی ئەو دیاردەیە نەخۆشی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوەو هەڕەشەیەکی جیدیشە لە سەر تەندروستی‌و باری لەشساغیی کۆمەڵانی خەڵك، بە پێی ئامارەکانی زانکۆی علوومی پزیشکیی کوردستان، شوێنەوارەکانی بەدخۆراکی لەو ئوستانەدا بوونەتە هۆی ئەوە کە ٣٧/٦ لە منالانی خوار ٣ ساڵ لە گوندەکان‌و منالان لە شارەکان‌دا بە هۆی بەدخۆراکی بە شێوەی ئاسایی هەڵ نەدەن‌و کورتە باڵا بمێننەوە.

❊ ❊ ❊

# قوتابیان‌و خوێندکاران هیوای سەرکەوتنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامین

عەلی بداغی

دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێران، لە ڕەزبەری ئەمساڵ‌دا لە بارودۆخێك‌دا بە رووی قوتابییان‌و خوێندکاران‌دا کرایەوە کە هەنووکەش ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی خەباتگێڕو ئازادیخوازی بەشدار لە حەرەکەتی ئیعترازیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە مانگەکانی جۆزەردان‌و پووشپەڕی ئەمساڵ، هەروا لە چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان‌و لە ژێر ئەشکەنجەو فشارێکی ڕۆحی‌و جەستەیی تاقەت پڕووکێن‌دا چاوەڕوانی چارەنووسی نادیاری خۆیانن. زەنگی خوێندنگاکانی ئێران ئەمساڵیش لە کاتێك‌دا هاتە لەرین کە سێبەری ڕەش‌و نگریسی نیزامی داپلۆسێنەری ئیسلامی هەروا باڵی بەسەر سیستمی خوێندن‌و فێرکردن‌و ناوەندە ئامووزشی‌یەکان‌دا کێشاوەو ئەو نیزامە بە سەپاندنی یاساو ڕێسا تایبەتی‌و ناتەباو نەگونجاوەکانی خۆی لەگەڵ سیستمی زانستیی پەروەردەیی سەردەم لە خوێندنگاکان‌دا، دیاردەگەلێکی وەك هەڵاواردن لە سەر بنەمای پشکنینی بیروباوەڕ، جیاکردنەوەی کوڕان‌و کچان لە خوێندنگاکان‌و ڕێگرتن لە ڕەوتی گەشەکردنی شانبەشان‌و هاوتای هەموو منداڵان، ناکۆکی‌نانەوە لە نێو قوتابییان‌و خوێندکاران‌و شێواندن‌و ئاڵۆز کردنی فەزای خوێندنگاکان لە ڕێگەی دەست‌و پێوەندەکانی خۆیەوە، وەك "بەسیجی قوتابی"، "بەسیجی خوێندکاری"و حیراسەت‌و هتدو هەروەها سەپاندنی مەرج گەلێك بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکان وەك ئاریش‌و لەمپەرگەلێکی گەورە لەبەردەم خوێندنی باڵادا هەروا ڕوو لە زیاد بوون دایەو پتر خۆی دەنوێنێ. ئێستاش پەنجەی ئەهریمەنیی "گوزینش" بینەقاقای ئەو لاوە ڕووناکبیرو ئازادیخوازانەی بەرنەداوە کە پاش زاڵبوون بەسەر هەموو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای خوێندن‌بە نیازی خوێندنی باڵا ڕوودەکەنە زانکۆکان، کەچی بە تاوانی جیابیری لەم قۆناغەی خوێندن‌دا بێبەش دەکرێن‌و دەرفەتی خوێندن لە ئاستی بەرزیان لێ دەسێندرێ. تایبەتیکردنی خوێندنگاکان یان بە واتایەکی دیکە "غیر انتفاعی" کردنیان‌و بە جۆرێك ڕاگوێستنی باشترین کەرەسەی بەردەست لە بواری ئامووزشی‌و زانستی‌یەوە بۆ ئەم ناوەندانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە لە لایەك زۆربەی قوتابییان، منداڵانی بنەماڵە هەژارو دەستەنگەکانی کۆمەڵگان‌و توانای خوێندن لەم ناوەندانەیان نیە، لە لایەکی دیکەشەوە پێڕانەگەیشتن بە وەزعی نالەباری ژیانی مامۆستایان‌و بەس نەبوونی مووچەکانیان، قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکانی بەکردەوە لە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆیان بەتاڵ کردۆتەوەو لە پەروەردەی گونجاو لەگەڵ سەردەم‌دا دوور ڕاگرتوەو بۆیە ئاستی زانستیی قوتابخانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

سەرەڕای ئەمانە قوتابییان پاش زاڵبوون بەسەر زۆر گیروگرفت‌دا کاتێك ڕوو دەکەنە قوتابخانەکان بەرەورووی دەیان ئاستەنگ‌و لەمپەری نوێ دەبنەوە. نەبوونی پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی خوێندن، کەمیی قوتابخانەو زانکۆکان بە نیسبەت حەشیمەتی ٢٠ میلیۆنیی قوتابییان‌و خوێندکارانی ئێران‌و بەو پێیەش ئاخنینەوەی پۆلەکان بە ژمارەیەکی زۆر قوتابی، نەبوونی ئامرازگەلی نوێی یارمەتیدەری خوێندن‌و فێربوون لە خوێندنگاکان، کەمبوونی مامۆستاو شێواندن‌و ئاڵۆزکردنی فەزای خوێندنگاکان‌و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی حاکمییەت‌دا هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بەژیانی ڕۆژانەو خوێندنی قوتابیان لەو نیزامە داتەپیوەدا، توانا و وزەی فێربوون‌و خوێندنیان لێ دەستێنێتەوە. ئەوەش بڵێین کە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران‌دا کە پتر لە ٨٠٪ی حەشیمەتەکەی لە ژێر هێڵی هەژاری‌دا دەژین، زۆربەی هەرە زۆری قوتابیان‌و خوێندکاران منداڵانی بنەماڵە هەژارو کەم داهاتەکانی کۆمەڵگان کە بە دژواری دەتوانن پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن‌و زۆرن ئەو قوتابیانەی لەبەر بێ‌ئەنوایی‌و دەستەنگی بنەماڵەکانیان ناچارن لە یەکێك لە قۆناغەکانی خوێندن‌دا واز لە خوێندن بێنن‌و بە نیوەچڵی قوتابخانەکان بەجێ بێڵن. هەنووکەش یەکجار زۆرن ئەو منداڵانەی



بەهۆی هەژاری‌و دەستکورتیی بنەماڵەکانیان تەنیا خەونی خوێندن‌و چوونە قوتابخانە دەبینن‌و دەبنە قوربانیی سیاسەتە دژی گەلی‌و ئامانجدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. هەروا کەم نین ئەو قوتابیانەی بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی خوێندنی خۆیان ناچارن دانێك لە ڕۆژ کار بکەن‌و بە خۆماندوو کردن لە دوو بواری جەستەیی‌و مێشکی‌دا، سەرجەم وزەی خۆیان بخەنە خزمەت دابین کردنی ئەو پێداویستی‌یانەی کە بە پێی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی، دەبێ هەموان کەڵکیان لێ وەربگرن.

هەنووکە قوتابییان‌و خوێندکاران، نیزیك بە ٢٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، ئەو حەشیمەتە زۆرە باشترین دەورانی ژیانیان لە نێو نیزامێکی ئامووزشیی ناسەردەمیانەو دواکەوتوو تێپەڕ دەبێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری‌یەوە، بەسەرنجدان بە گرینگیی قوتابخانەو زانکۆکان‌و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ڕەوتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکان، کەوتە هەوڵی ئەوەی ئەو ناوەندە ئامووزشییانە لە کەسانی هەڵگری بیروبۆچوونی جیاواز جیاکاتەوەو بە داڕشتنی سیستمێکی پەروەردەیی ئەوتۆ کە بتوانێ ئامانجی ڕێژیم لەبەناو بووژاندنەوەو بەهێزکردنی بایەخە ئیسلامی‌یەکان دابین بکا، هەنگاوی ناوە. دەست بردنە نێو نێوەرۆکی کتێبە دەرسی‌یەکان‌و گونجاندنیان لەگەڵ ئیدئۆلۆژی‌یەکان‌و دابەزاندنی ئاستی زانستیی کتێبە دەرسی‌یەکانیان بە ئاخنینیان بە بابەتی دڵخوازی ڕێبەرانی ڕێژیم بەشێکی دیکە لەو پیلانە بوون.

هەرچەند پێناسەکانی ڕێژیم لەم بوارەشدا پاش هەموو هەوڵ‌و هەزینە تەرخان کردنەکانی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووا ئاکامێکی دڵخوازی بۆ سەرانی ڕێژیم لێ نەکەوتەوە، ئەمڕۆ بە کردەوە دەبینین خوێندنگاکان بە تایبەت زانکۆکان نەك نەبوونەتە پاڵپشت‌و پارێزەری ڕێژیم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سەنگەری لەشکان نەهاتووی خەبات‌و تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامین‌و قوتابییان‌و خوێندکارانیش نەك نەبوونە نەسڵی گوێ لەمست‌و پێڕەوی خەتی ئیمام! و عاشقانی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هێزی بە باوەڕو کارامەی بەرەی خەبات بۆ ڕووخاندن‌و نەهێشتنی ئەو ڕێژیمەن.


خوێندکاران ئەمڕۆ بە ڕێبەریکردنی بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی دژی ڕێژیم، لە نێوخۆی وڵات‌دا، هەموو خەون‌و خەیاڵەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمیان کردۆتە تراویلکەیەك‌و بە هێزی لەبڕان نەهاتووی خۆیان تێکەوە پێچانی تۆماری دەسەڵاتی ڕێژیمیان نیزیك کردۆتەوە.

دڵنیاین ساڵی تازەی خوێندن سەرەڕای هەموو کەموکووڕی‌و لەمپەرەکانی سەر ڕێی خوێندن، بە هەوڵ‌و هیممەتی خوێندکاران‌و قوتابییان ساڵێکی پڕ دەسکەوت‌و شانازی خوڵقێن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ.

❊ ❊ ❊

## برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## نیگەرانی دەربڕینی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە:



# دەرچوونی حوکمی ئیعدام بۆ ٢ کەس بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌و موجاهیدیندا

فیدراسیونی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤو کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك، نیگەرانیی خۆیان بە بۆنەی دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ دوو زیندانیی سیاسی لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە، دەربڕیوە. ئەو دوو زیندانی‌یە بریتین لە ١ـ رامین شەریفی، خەڵکی سەقز، تاوان هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢ـ سەعید ماسووری، تاوان هاوکاری لەگەڵ موجاهیدین.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لەو ڕاگەیەندراوەدا داوای لە کاربەدەستانی ئێران کردوە، دەرکردنی حوکمی ئێعدام ڕابگرێ تا سەرئەنجام سزای ئێعدام لە ئێراندا هەڵبوەشێتەوە.

بەم بۆنەیەوە "رادیو فردا" لە بەرنامەکانی ٣٠ی سێپتامبری خۆیدا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز عەبدولکەریمی لاهیجی جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ پێك هێنا. گوڵناز ئیسفەندیاری لە رادیۆ فەرداوە، لە بەڕێز "لاهیجی"ی پرسی: دەکرێ بفەرمووی تاوانی ئەو دوو کەسەیان چۆن ڕاگەیاندوە؟

دوکتور لاهیجی: بەداخەوە هیچ هەواڵێك لەبارەی ئەو دوو کەسە بە ئێمە ڕانەگەیەندراوە. هەواڵەکان لە بنەماڵەکانیانەوە پێمان گەیشتوون. هەربۆیە نە تاریخی موحاکەمەکەی ئەوان ڕاگەیەندراوەو نە بنەماڵەکانیان ئاگایان لە موحاکەمەی ئەوان هەبووە. لەبارەی "رامین شەریفی"یەوە بە سەرنجدان بەوەکە ناوبراو کوردەو لە سەقز گیراوە، وادیارە بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاوانبار کراوە. "سەعید ماسووری"یش کە ماوەیەك لە نۆروێژ وەك پەنابەر ژیاوە، دوایە بە شێوەی ناقانوونی چۆتەوە ئێران‌و بەو جۆرە بنەماڵەکەیان بۆیان دەرکەوتوە ناوبراویش بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدین تاوانبار کراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە دەست دانیە کە رامین شەریفی یا سەعید ماسووری لە عەمەلیاتی چەکدارانەدا بەشدار بووبن.

گوڵناز ئیسفەندیاری: ئاغای لاهیجی! ئێوە لە بەیاننامەیەکدا کە بڵاوتان کردۆتەوە، داواتان لە کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپا کردوە کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو حوکمانەدا هێندێك هەنگاو هەڵبگرن. ئایا بە سەرنجدان بە نیگەرانیی نێونەتەوەیی لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران پێتان وایە، ئێستاش وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بایەخی پێدەدرێ؟

دوکتور لاهیجی: ئێمە هیوادارین کە وا نەبێ. چونکە وتووێژەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران لەبارەی مافی مرۆڤەوە نەپچڕاوە. هەروا کە ئێمە لە ڕابردوودا ڕامان گەیاندوە، سێهەمین میزگرد کە بڕیار وابوو دوو حەوتوو لەمەوبەر لە تاران بەڕێوەبچێ، دوا خراو زۆر وێ دەچێ حەوتووی داهاتوو لە بروکسێل دەست پێبکا. هێشتا تاریخی ڕوونی ئەو میزگردە ڕانەگەیەندراوە. بەڵام بە ئێمەیان گوتوە کە لە دووهەم حەوتووی مانگی ئۆکتوبردا دەبێ. یەکێك لە پێش مەرجەکانی درێژەی ئەو وتووێژانە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ببێتە ئەندامی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و یەك لەوان پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە، پەیماننامە لەبارەی هەڵگرتنی جیاوازیدانان لە دژی ژنان‌و هتد. هەر بۆیە ئێمە داواکارین مۆرکردنی ئەو پەیماننامانەش لەلایەن ئێرانەوە، بۆ ئورووپاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، وەك مۆر کردنی پروتۆکۆلی پەرەپێنەدانی چەکە ئەتۆمی‌یەکان گرنگ بێ. لەلایەکی دیکەوە یەکێك لەمەرجە سەرەکی‌یەکان (ی درێژەی وتووێژەکانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران) ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا نایهەوێ یا ناتوانێ سزای ئێعدام هەڵوەشێنێتەوە لانی‌کەم با هەر بەو جۆرەی کە یەکیەتیی ئورووپا لەبارەی وڵاتانی دیکەوە، بەڕێوەی بردوە بۆ وێنە لەبارەی ڕووسیە، تورکیە، لانی‌کەم لە کۆماری ئیسلامییشی بوێ کە لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام خۆبپارێزێ‌و بڕیارێکی قەزایی یا هەر نەبێ بڕیارێکی قانوونی لەو بارەوە دەربچێ‌و بگوترێ تا ڕاگەیاندنی داهاتوو حوکمی ئێعدام لە ئێراندا دەرناچێ.

# هەواڵەکان

### دیدارو چاوپێکەوتن لە نێوان دوو هەیئەتی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات‌و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

سەعات ١٠ی بەیانی، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی‌و پێك هاتوو لە بەڕێزان ئەبوبەکری مودەریسی، ڕەزا کەعبی‌و عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و بەڕێز ئەنوەری محەممەدی، کومیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزب‌و پێك هاتوو لە بەڕێزان مستەفا هیجری، حەسەن ڕەستگار، عەلی مێهرپەروەر، حسێن مەدەنی‌و مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و بەڕێزان چەکۆ ڕەحیمی‌و محەممەدی شەهرەوان، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، پێشوازییان لێ کرا.

هەر دوولا لە دیدارو دانیشتنێکی چەند سەعاتەدا، جارێکی دیکە پێویستیی هاوکاریی نێوان هێزەکانی کوردستانی ئێرانیان خستە بەرباس‌و لەسەر شێوازی ئەو هاوکاری‌یە بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد. کۆبوونەوەکە سەعات ٣٠/٥ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کۆتایی پێهات.

### سەردەشت

#### تەقینەوەی مینێك

ڕۆژی هەینی ١٣٨٢/٧/٤ی هەتاوی کەسێك بە ناوی حەمەی کوێخا حسێن، خەڵکی گوندی بێورانی خوارێ، لە شوێنێك بە ناوی جەمالەدین، کەوتە سەر مینێکی چێندراو لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوەو لەئاکامدا بە داخەوە لاقی پەڕی.

### هەوشار

#### کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات

ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی ڕەزبەری ١٣٨٢ی هەتاوی، کاك ئەحمەدی ئەکرەمی، خەڵکی ئاوایی قزقۆپی سەر بە ناوچەی هەوشار، بەهۆی نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد. کاك ئەحمەد بۆ ماوەی ٦ ساڵ پێشمەرگەی حیزب، لە هێزی شەهیدانی هەوشار بووو خزمەتی بە گەل‌و نیشتمانەکەی کرد. شایانی باسە کە کاك ئەحمەد تا دوایین ساتی تەمەنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا وەك کوردێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز دەناسرا، هەر بەو هۆیەشەوە خەڵك ڕێزیان دەگرت‌و خۆشیان دەویست.

دەستەی نووسەرانی "کوردستان"، وێڕای ناوەندی ١ی کوردستان خەم‌و پەژارەی خۆی بۆ لەدەستچوونی کاك ئەحمەد دەردەبڕێ‌و سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس‌و کاری ئەو خوالێخۆشبووە دەکا.

### سنە

#### بەڕێوەچوونی مانۆڕێکی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم

بەبۆنەی حەوتووی "نیروی ئینتیزامی" ڕێژیم لە شاری سنەدا مانۆڕێکی بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ مەوادی موخەددیر وەڕێ خست. هێزەکانی ڕێژیم لە مەیدانی ئازادی ئەو شارەدا کافیترێکیان بە ناوی دەفتەری بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەوادی موخەددیر دانا، بەڵام بەکردەوە زیاتر کەوتنە گیانی خەڵکی ساڵم‌و بەهانە گرتنی سەیرو سەمەرەو لەهەمان کاتیشدا بە ڕەواڵی هەمیشەیی پێشی کریارو فرۆشیاری مەوادی موخەددیریان ئاواڵە کردبوو. ✻

# کوژرانی وەکیلی حیزبی دێموکرات بۆ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر

دوکتور مانفرێد وایدینگێر Manfred Weidinger وەکیلی تۆتریشی کە لە دوای تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، ئەرکی وەکیلایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو پەروەندەیەدا گرتە ئەستۆ، ڕۆژی ٣١ی ژوئیەی ئەمساڵ بێ سەرو شوێن کرا. دوکتور مانفرێد ئێوارەی ئەو ڕۆژە ناگەڕێتەوە ماڵی خۆیان‌و بە تەلەفوونیش هۆی نەهاتنەوەکەی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕاناگەیەنێ. هەر بۆیە هاوسەرەکەی نیگەران دەبێ‌و پۆلیس لە بێسەروشوێن بوونی مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە. پۆلیس ماشینی دوکتور مانفرێد لە نزیك پارکێك دەدۆزێتەوە کە جاروبار بۆ هەڵاتن‌و وەرزش کردن دەچووە ئەوێ. ئێوارەی ٢٠٠٣/٨/٨، تەلەفزیۆنی ئوتریش ڕاپۆرتێکی لە بارەی بێسەروشوێن‌بوونی ناوبراو بڵاوکردەوە. هەر لەو پێوەندی‌یەش‌دا لەگەڵ هاوسەری مانفرێدو ژنێکی دۆست‌و نزیکی ئەو بنەماڵەیە وتووێژی کرد. ئەوان دەیانگووت بیریان لە ئەگەری جۆراوجۆر کردۆتەوە، بەڵام تێماون‌و نازانن کام ئەگەر دەتوانێ ڕاست بێ.

پۆلیسی ئوتریش بە دوای ئەو ڕووداوە و لێکۆڵینەوە لە ڕابردووی دوکتور مانفرێد دا ڕای‌گەیاند کە ناوبراو هیچ کێشەو گرفتێکی ماڵی‌و شوغلی نەبووەو لە ژیانی تایبەتیشی‌دا زۆر بەختیار بووە. لەو ڕاپۆرتەدا کە تەلەفزیۆنی ئۆتریش بڵاوی کردەوە، باسی زۆر شت لەبارەی دوکتور مانفرێدەوە کرا، بەڵام بە هیچ جۆرێك باسی ئەوە یا ئیشارە بەوە نەکرا کە دوکتور وایدینگێر وەکیلی ئەسلیی حیزبی دێموکرات لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی‌دا بووە. تەنانەت خێزانیشی هیچ ئاماژەیەکی بەو مەسەلەیە نەکردو گوتی مێردەکەی بە گشتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەو مەسەلە بنەماڵەیی‌یەکانی وەك تەڵاق، میرات‌و هتددا وەکیلایەتیی کردوە.

ڕوون نیە کە پۆلیسی ئۆتریش‌و بنەماڵەی دوکتور مانفرێد بۆچی باسێکیان لە وەکیلایەتیی دوکتور مانفرێد لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووداو ئەگەری هەرچەشنە پێوەندی‌یەك لە نێوان ئەو پەروەندەیەو ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی‌و هەڵوێست‌و ڕەفتاری سازشکارانەو شەرماوی و بە دوور لە دادپەروەریی دەوڵەتی ئەوکات لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا نەهێناوەتە گۆڕێ؟

## دۆزرانەوەو بە خاك‌سپێرانی تەرمی دوکتور مانفرێد وایدینگێر

تەرمی دوکتور مانفرێد وایدینگێر، ڕۆژی ١٣ی سێپتامبری ٢٠٠٣ پاش مانگێك‌و٣ ڕۆژ لە بێسەروشوێن بوونی لە دارستانێك لە نزیك شارۆچکەی "کلۆستێرنۆی‌بوورگ" Klosterneuburg لە دەرەوەی ڤییەن دۆزرایەوە. ڕۆژی هەینی ١٩ی سێپتامبر تەرمی دوکتور مانفرێد وایدینگێر لە گۆرستانی "گێرست هۆف" لە ڤییەن بە بەشداریی سەدان کەس بە خاك سپێردرا.

لە ڕێورەسمی بە خاك سپاردنی دوکتور مانفرید وایدینگێر دا هەیئەتێك لە حیزبی دێموکرات بە بەشداری خاتوو هێلێن (خۆشکە نەسرین) هاوسەری ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو، دوکتور میرو عەلیار ئەندامی ڕێبەری‌و نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئۆتریش‌و ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە بەشدار بوون‌و لە نزیکەوە سەرەخۆشی‌و هاودەردیی قووڵی حیزبی دێموکراتیان بە خاتوو ئێڤا وایدینگێر هاوسەری دوکتور مانفرێد ڕاگەیاند.

پێویستە بگوترێ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە دوای دۆزرانەوەی تەرمی دوکتور مانفرێددا پەیامێکی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەکەی ناردبوو. دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەم جۆرەیە:

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بنەماڵەی دوکتور مانفرێد وایدینگێر

**زۆر بەڕێز خاتوو ئێڤا وایدینگێر !**

بە داخێکی زۆرەوە لە هەواڵی مەرگی پەژارەهێنەری مێردەکەتان د.مانفرێد وایدینگێر ئاگادار بووین.

ساڵی ١٩٨٩ کاتێك کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرۆکی ئەوکاتی حیزبی ئێمە د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانیان لە ڤیەن لە سەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرد، د. وایدینگێر داکۆکی‌کردن (وکالت)ی لایەنی ئێمەی بەستۆوە گرت. لە درێژەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا، ئێمە د. وایدێنگێرمان باشتر ناسی‌و جێگای ڕێزمان بوو و ئەویش لە ئەرکی وەکالەت بەملاوە ببووە دۆستێکی سادقی گەلی ئێمە، بۆیە ئێمە بە مەرگی وی نە تەنیا وەکیلێکی نەترس‌و لێهاتوو، بەڵکوو دۆستێکی بەوەفامان لە دەست دا. بەو بۆنەیە دڵنەزێنەوە سەرەخۆشی لە ئێوەو منداڵەکانتان دەکەین. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دا دەربکەوێ کە مێردی تۆ بوو بە قووربانیی تیرۆرێك، ئێمە ئەو جینایەتە بە توندی مەحکووم دەکەین.

**لەگەڵ هاودەردیی قووڵمان لەگەڵ ئێوەدا**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٥ی سێپتامبری ٢٠٠٣**

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### نۆروێژ

#### کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی

ڕۆژی شەممە، ٢٩ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە نۆروێژ، کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتەدا پێك هێنا. سەرەتا کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان لەلایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب لە نۆروێژ، وتەیەك پێشکەش کرا، هەروەها هاوڕێ خالید عەزیزی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات وتارێکی سەبارەت بە تەشکیلات‌و ئەرکەکانی لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد. شایانی باسە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە هێنانەگۆڕی باس‌و پرسیاری جۆراوجۆر چالاکانە بەشداریی باسەکانی کۆبوونەوەکە بوون.

#### کۆبوونەوە لە نێوان هەیئەتی کومیتەی حیزب‌و پارتی "A.P" لە نۆروێژ

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی هەیئەتێکی کومیتەی حیزب لە ئوستفولد بە مەبەستی باس لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بەرنامەو ئامانجەکانی‌و هەروەها ناساندنی زیاتری نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هەیئەتێکی پارتی "A.P" پێك هێنا. لەو دیدارەدا دوو هەیئەت بە تێرو تەسەلی تیشکیان خستەسەر باسەکان‌و لە ئاکامدا بەرپرسانی پارتی (A.P)، ئامادەگیی خۆیان بۆ هاوکاریی زیاتر لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕاگەیاند.

#### کۆبوونەوەیەکی هاوبەش

ڕێکەوتی٢ی ئوکتوبر،کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان نوێنەرایەتیی حیزب، یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوان، لەگەڵ حیزبی کاری نوروێژدا پێکهات. شایانی باسە کە حیزبی کار بەهێزترین حیزبی سیاسیی نوروێژە، ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیستەو پێشتریش لە پەراوێزی پێوەندی‌یەکانی نێوانمان‌لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست‌دا هاوکاریی نزیکی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوە.

لەو دیدارو کۆبوونەوەیەدا کە زیاتر بە مەبەستی ناساندن‌و لێك‌نزیکبوونەوەی یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوانی دێموکرات لەگەڵ حیزبی کارو ڕێکخراوەکانی سەر بەو حیزبە پێکهات، نوێنەرانی حیزب، یەکیەتی‌یەکانی ژنان‌و لاوان لەسەریەك تیشکیان خستە سەر هەلومەرجی وڵات بەگشتی‌و بەتایبەت ژنان‌و لاوانی کورد لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا حیزبی کار بەڵێنی دووپات کردەوە کە پشتیوانیی زیاتری سیاسی‌و مەعنەوی لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و هەروەها لە خەباتی ژنان‌ولاوانی وڵاتەکەمان بکا.

### یونان

#### بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە بیست‌و نۆهەمین فستیڤاڵی ڕێکخراوی لاوانی کومۆنیستی یۆناندا

لە ڕۆژەکانی ١٩ تا ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی‌دا، ڕێکخراوی لاوانی کومونیستی یونان "K.N.E"، بیست‌و نۆهەمین فستیڤاڵی ساڵانەی خۆی بەڕێوە برد. شایانی باسە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی یونان، ئەمساڵیش بە ڕەسمی لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری "K.N.E"وە بانگهێشت کرابوو. یەکیەتی لاوان لەو فستیڤاڵەدا غورفەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە بە وێنەی ڕێبەرانی شەهید "قازی"، "قاسملوو"و "شەرەفکەندی"و هەروەها چەند لیستێك لە ناوی شەهیدان‌و قوربانییانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ڕێژیم ڕازابۆوە، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا چەندین هەیئەت لە ڕێکخراوەکانی بەشدارو خەڵکێکی زۆر سەردانی غورفەی یەکیەتیی لاوانیان کردو لە سەر دۆخی ئێستای کوردستان‌و خەباتی حیزبی دیموکرات‌و تێکۆشانی لاوان لە کوردستان بە تەسەلی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

شایانی باسە کە لە ڕۆژی کۆتایی‌دا ئاغای "خاریلائۆس فلۆراکیس"، سەرۆکی پێشووی حیزبی کومونیستی یونان، سەردانی غورفەی یەکیەتیی لاوانی کردو ماندوونەبوونی‌و دەستخۆشی لێ کردن. یەکیەتیی لاوانیش سوپاسی خۆیان بەوبۆنەوە پێشکەشی ئەو ڕێکخراوە کردو هیوای پەرەگرتنی زیاتری پێوەندیی نێوان هەردوو لایان خواست.

### ئاڵمان

#### بەشداریی هەیئەتی حیزب لە کۆنگرەی ڕێکخراوی "ئەکسەرییەت"دا

لە ڕۆژەکانی ٤ تا ٧ی ڕەزبەری ١٣٨٢ی هەتاوی‌دا، ڕێکخراوی فیدائیانی خەلقی ئێران "ئەکسەریەت" کۆنگرەیەکی نائاسایی لە وڵاتی ئاڵمان پێك هێنا. هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبەوە لە ئاڵمان بەشداریی ئەو کۆنگرەیەی کرد. شایانی باسە بەڕێز سەدیق بابایی لە لایەن هەیئەتی حیزبەوە، وتارێکی پێشکەش کرد کە لەو وتارەدا بەوردی تیشکی خستبوە سەر چەند مەسەلەی پێوەندیدار بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران‌داو بارودۆخی نێوخۆو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ✻

# کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێوان دوو بەرداشدا

فەرهاد ئەکبەری

پشکێنەرانی سەربە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لە بەهاری ئەمساڵداو پاش ئەوەی دامەزراوە ناوکییە نهێنییەکانی ئێران ئاشکرا کران، ئەو دامەزراوانەیان پشکنین. هەروەها نزیکەی دوو مانگ لەمەوپێش محەممەد ئەلبەرادەعی سەرۆکی ئاژانسی ناوبراو، بۆ روونکردنەوەی پتری ئەرك و ئامانجەکانی ئەو بنیاتە، سەردانی ئێرانی کرد. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، زۆربەی پرسیارەکانی ئاژانس، سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران، بێوەڵام مانەوە و کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەك هەر ئامادە نەبوون لەم پێوەندییەدا هاوکاریی پێویست بکەن، بەڵکوو کۆمەڵێك زانیاریی ناڕاست و درۆو دەلەسەشیان بە پشکێنەران دا و زیاتر سەریان لێ شێواندن. بەڵام بەو حاڵەش ئەوان توانییان بە دۆزینەوەی ئاسەواری زۆر چۆربڕکراو و ئامێرگەلێکی زۆر پێشکەوتووی وەك: دەزگای تایبەت بە گڕدانی کڵاوە ناوکییەکان، دووربینی وێنەگرتن لە تاقیکردنەوە ناوکییەکان و رێئاکتۆری بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم، کە هەموویان لەبواری بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، بەشێکی زۆر لە ئیددیعاکانی رێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کەڵك وەرگرتنی ئاشتییانە لە تیکنۆلۆژیی ناوکی بەدرۆ بخەنەوە و هاوکات نیگەرانییەکانی ئاژانس زیاتر بکەن و زۆر پرسیاریشیان بێ وەڵام بهێنێتەوە. بۆیە محەممەد ئەلبەرادەعی پاش چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کاربەدەستانی رێژیم، لە راپۆرتەکەیدا بۆ ئاژانس، لیستێکی لەو مەسەلانە پێك هێنا کە لە بەرنامەی ناوکیی ئێراندا بوونەتە هۆی نیگەرانیی وڵاتانی جیهان.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە ترسێکی زۆریان لە هاتنەگۆڕی راپۆرتە تێرو تەسەلەکەی ئەلبەرادەعی، لە کۆبوونەوەی شووورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لێ نیشتبوو، هەوڵێکی چڕوپڕی دیپلۆماسیی هەمەلایەنەیان خستەگەڕ تا بەڵکوو لەسەر دەرچوونی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکە شوێن دابنێن و رێگە لە پێکهاتنی سەنگی و فشاری نێونەتەوەیی بۆ سەرخۆیان بگرن. بۆیە هەوڵیان دا بەدانی قەول و بەڵێنی جۆراوجۆرو تەماع وەبەرنان، هێندێك لە وڵاتانی ئەندامی ئاژانس لە پشتیوانیکردن لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکە پاشگەز بکەنەوە. بە گوێرەی هەواڵێك کە لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی "دی وڵت"ی ئاڵمانیدا بڵاو کراوەتەوە، عەلی ئەکبەری ساڵحی، نوێنەری رێژیم لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لەگەڵ تاقمێك لە دەست و پێوەندەکانی سەربە وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیم لە میسر، چاویان بە محەممەد ئەلبەرادەعی کەوتبووو داوایان لە ناوبراو کردبوو کە لە راپۆرتەکەیدا هەڵوێستێکی نەرمتر لە بەرامبەر بەرنامەی ناوکیی ئێراندا بنوێنێ، بەڵام ناوبراو بایەخێکی ئەوتۆی بەو داخوازەی ئەو تاقمە نەدابووو رەتی کردبۆوە.

هەروەها وەزیری دەرەوەی رێژیمیش هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ژاپۆنی کردو لەگەڵ سەرۆك وەزیر، وەزیرانی دەرەوەو بازرگانیی ئەو وڵاتەدا کۆبۆوەو سەبارەت بە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی وزەی ناوکیدا پشتیان دەگرێ، دەوڵەتی رووسیە بوو. بەڵام رووسیەش هەروەك پێشتر رایگەیاندبوو، بەکردەوە نیشانی داکە هاوکاری ستراتیژیکی رۆژئاوایە، هاوکارییە ناوکییەکەی لەگەڵ رێژیمی ئیسلامیدا نابێتە هۆی ئەوە کە پشت لەو وڵاتانە بکاو دژ بە سیستمی نوێی دنیا هەڵوێست بگرێ.

**هاوهەڵوێستی و یەکدەنگیی کەموێنەی وڵاتانی ئەندامی ئاژانس و بەتایبەت وڵاتانی رۆژئاوایی، ئەو راستییەشی سەلماند کە ئەوان لە بەرنامەی ناوکیی ئێران بە قووڵی نیگەرانن و بە قسەی تۆنی بلێر، سەرۆك وەزیری بریتانیا: "جیهان دەست لەسەر دەست دانانێ تا ئێران دەبێتە خاوەنی بومبی ناوکی".**

دوو میلیارد دۆلاریی دەرهێنانی نەوت لە حەوزەی نەوتیی ئازادەگاندا، وتووێژی لەگەڵ کردن، بەڵام چونکە کاربەدەستانی ژاپۆن لە مەبەستی خەرازی باش حاڵی ببوون، ئیمزاکردنی ئەم رێککەوتننامەیان وەدواخست، بۆیە خەرازی بەدەستی بەتاڵ لەو سەفەرە گەڕایەوە. وڵاتانی ئورووپاییش ئەمجار بە پێچەوانەی جارانی پێشووو سەرەڕای ئەو رێکەوتننامە پڕسوودە بازرگانییانەی کە لەگەڵ ئێراندا مۆریان کردوون، هەڵوێستێکی جیددی و توندیان لە بەرامبەر ئێراندا گرت و داوایان لە دەوڵەتی ئێران کرد کە دەرگای پشکنین لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی خۆی دانەخاو هاوکاریی تەواو لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیدا بکا. وڵاتانی ئورووپایی بەم هەڵوێستەی خۆیان ئاوێکی ساردیان کرد بە دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیداو نیشانیان دا کە گۆڕانێکی قووڵیان لە سیاسەتی خۆیان بە نیسبەت رێژیمدا پێك هێناوە. هەروەها ئەوان کۆماری ئیسلامیشیان لەو راستییە تێگەیاند کە لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دنیای نوێدا پێك هاتوون، چیدی ناکرێ چاوپۆشی لەو مەترسی و هەڕەشانە بکرێ کە رێژیمگەلێك وەك کۆماری ئیسلامی بەرەورووی جیهانیان دەکەنەوەو تەریك خستنەوەو کۆنترۆڵکردنیان لەسەروو هەموو شتێکەوەیە.

یەکێکی دیکە لەو وڵاتانەی کە رێبەرانی رێژیم، زۆر دڵیان پێی خۆش کردبووو پێیان وابوو لە کۆبوونەوەی شووورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی

هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئێران لەگەڵ ئەو کاربەدەست و دەوڵەتانەی کە لە سەرەوە باس کران، نەك هەر هیچیان لێ شین نەبووە، بەڵکوو بوونە هۆی بەرتەسکبوونەوەی پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا. هەروەها هاوهەڵوێستی و یەکدەنگیی کەموێنەی وڵاتانی ئەندامی ئاژانس و بەتایبەت وڵاتانی رۆژئاوایی، ئەو راستییەشی سەلماند کە ئەوان لە بەرنامەی ناوکیی ئێران بە قووڵی نیگەرانن و بە قسەی تۆنی بلێر، سەرۆك وەزیری بریتانیا: "جیهان دەست لەسەر دەست دانانێ تا ئێران دەبێتە خاوەنی بومبی ناوکی".

شووورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە ماوەی ٥ رۆژاندا، بەشێوەیەکی نهێنی، کێشەی بەرنامەی ناوکیی ئێرانی تاوتوێ کردو لە رۆژی ٢١ی خەرمانان (١٢ی سپتامبر)دا، بڕیارنامەیەکی توندی دژی ئێران دەرکردو ماوەی مانگ و نیوێك، واتە تا ٩ی خەزەڵوەر دەرفەتی بۆ ئێران دیاری کرد تا رێگە بە پشکێنەرانی سەر بە ئاژانس بدا بە شێوەیەکی ناکاوو بەربڵاو ناوەندو دامەزراوە ناوکییەکانی بپشکنن، بەتایبەت ئەو دامەزراوانەی کە دەوڵەتی ئێران بەرەسمی ئاژانسی لێیان ئاگادار نەکردۆتەوەو ئەوەش بسەلمێنێ کە بە نهێنی خەریکی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەك چۆن بەرلە کۆبوونەوەی شووورای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، هەوڵێکی بێ ئاکامی زۆری دا تا بەڵکوو پێش بە دەرچوونی بڕیارنامەیەکی ئەوتۆ لەسەر خۆی بگرێ، پاش دەرچوونی بڕیارنامەکەی ئاژانسیش، دیسان دەستی لە چەواشەکارییەکانی خۆی هەڵنەگرت و کاربەدەستان و دەزگا تەبلیغاتییەکانی رێژیم چەند دژکردەوەیەکی توندو ناتەبایان لەو پێوەندییەدا لە خۆیان نیشان داو هەوڵ دەدەن بڕیارنامەی ناوبراویان بە بڕیارنامەیەکی سیاسی و ناحقووقی لە قەڵەم بدەن و بە خەتابارکردنی دنیای دەرەوەو بەتایبەت ئامریکا، درۆو دەلەسەو کردەوە ناقانونییەکانی خۆیان لە خەڵکی ئێران وەشارن. بۆیە دەڵێین کە دەرکردنی ئەم بڕیارنامەیە لەبەر ئەوەیە نەهێڵن ئێران دەستی بە تیکنۆلۆژیی ناوکی رابگاو دەیانەوێ خەڵکی ئێران لە سوودەکانی ئەم تیکنۆلۆژییە بێ بەری بکەن. بۆیە بڕیارنامەی ناوبراو تەنیا بڕیارنامەیەکی سیاسییەو هیچ بنەمایەکی حقووقیی نیەو شتێکە کە بە فشاری ئامریکا بەسەر ئاژانسدا سەپاوە، ئەگینا ئێران بەشوێن بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییەوە نیەو تەنیا بە مەبەستی ئاشتییانە کەڵکی لێ وەردەگرێ. هەرچەند پشکێنەران ناڕاستیی ئەم ئیددیعایەی خستۆتە ژێر پرسیار، بەڵام ئەگەر وا دابنێین کە رێژیم تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی وزەی بەرق لەو تیکنۆلۆژییە کەڵك وەردەگرێ، لەبەر ئەوەی کە بەشێکی یەکجار زۆر لەو سامانە مەزنە ئاوییەی ئێران بێ کەڵك ماوەتەوەو بە فیڕۆ دەڕواو ئەگەر رێژیم بیهەوێ، دەتوانێ بە بوودجەیەکی زۆر کەمتر لەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی

کۆماری ئیسلامی، زۆرتر هێرش دەکەنە سەر ئامریکاو کەمتر ناوی وڵاتانی دیکە دێنن. ئەم هێرشە تەبلیغاتییە بە دوو هۆ دەکرێ" یەکەم: لەبەر ئەوەیە کە وای نیشان بدەن کە بڕیارنامەکە، بڕیارنامەیەکی سیاسیی رووتە کە ئامریکا وەك دوژمنی ژمارەیەکی خەڵکی ئێران بەسەر ئاژانسدا سەپاندوویەتی" دووهەم: سەرانی رێژیم باش دەزانن کە هێرشی تەبلیغاتی بۆسەر تێکڕای وڵاتانی ئورووپایی، کانادا، ژاپۆن و رووسیە، چەند بە گران لەسەریان دەکەوێ. جا بۆیە مەبەستیان لە هێرش بۆ سەر ئامریکا، بێ تاوان نیشاندانی خۆیان و زەقکردنەوەی ئامریکا وەك تاکە دوژمنی خەڵکی ئێرانە کە دەیەوێ خەڵکی ئێران لە خێرو بێری تیکنۆلۆژیی ناوکی بێبەری بکا. بەڵام، ئەم ئیددیعایانەی دەسەڵاتدارانی رێژیم لەبەر دوو هۆ لە جێی خۆیان نین" یەکەم: ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، بنیاتێکی سەربەخۆیەو بە پێی ئەساسنامەکەی، یەکێك لە ئەرکەکانی، هاندانی وڵاتانی جیهانە بۆ کەڵك وەرگرتنی ئاشتییانە لە تیکنۆلۆژیی ناوکی و رێگرتنە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی" دووهەم: بڕیارنامەکە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ئاژانس و بەتایبەت وڵاتانی زلهێزەوە پشتیوانی لێکراوە. جا کە وابوو ئەگەر کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی راست دەکەن و لەو تیکنۆلۆژییە بە مەبەستی دروستکردنی چەکی ناوکی کەڵك وەرناگرن، ئەدی بۆ زراویان تۆقیوەو رێگە نادەن کە پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، بە پێی

**بە پێی مەنتیقی حاکم لە دنیای ئەمرۆدا، مەحاڵە چاوپۆشی لەو مەترسییانە بکرێ کە لەلایەن رێژیمی تێرۆریست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەورووی جیهان دەبنەوە.**

بەرق لە رێگەی تیکنۆلۆژیی ناوکییەوە پێویستە، بەرق بەرهەم بێنێ و بە نرخێکی زۆر کەمتریش دەنیشێ، لە حاڵێکدا دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران نزیکەی یەك میلیارد دۆلار بوودجەیان تێچووە کە ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن و هەروەها لەبەر باری شپرزەی ئابووریی ئێران، بە هیچ شێوەیەك پاساو نادرێتەوە.

هەروەك باس کرا، کاربەدەستانی بەندەکانی پرۆتۆکۆلی هاوپێچ، دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران بپشکنن؟

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریداو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆی، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی خۆ پڕچەککردنی خۆی داوەو تەنانەت لە چەکی تیرۆر کە لاوازترین چەکە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەیاران و دوژمنانی خۆی کەڵکی وەرگرتوە، چۆن دەکرێ ئێستا کە لە هەوڵی ئەوەدا نەبێ کە دەستی بە کاریگەرترین چەکی کۆکوژ، واتە چەکی ناوکی رابگا" تا بەو چەکە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین ژمارەی دوژمنانی خۆی پێ لە نێو بەرێ؟

سەرجەم رەفتارو کردەوەکانی نزیك بە چارەکە سەدەیەك دەسەڵاتی رێژیم، ئەو راستییەیان بۆ هەموان سەلماندوە کە ئەو رێژیمە، رێژیمێکی یاخی و تیرۆریستپەروەرەو مەترسییەکی جیددییە بۆسەر تەناهی و ئارامیی جیهان و ناوزەدکردنیشی وەك یەکێك لە وڵاتانی ئەندامی "تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی" بۆخۆی نیشانەی ئەو نیگەرانییە قووڵەیە کە ئەم رێژیمە دروستی کردوە.

لەڕاستیدا بە دەرچوونی بڕیارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، هاودەنگی و یەك هەڵوێستیی کەموێنەی وڵاتانی جیهان لەم پێوەندییەدا، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی تووشی قەیرانێکی قووڵی ئەوتۆ کردوە کە لەگەڵ گشت قەیرانەکانی پێشووی وەك: بە بارمتەگرتنی ٤٤٤ رۆژەی کارمەندانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لەسەرەتای شۆڕشدا، شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێران، فتوای کوشتنی سەلمان روشدی لەلایەن خومەینییەوەو هەروەها دەرچوونی حوکمی مێژوویی دادگای میکونووسدا، گەلێك جیاوازەو هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتی دنیا لەگەڵ ئێستا، جیاوازییەکی قووڵی هەیە. لەڕاستیدا رێژیم کەوتۆتە نێوان دوو بەرداشەوە کە دەربازبوونی هاسان نیە. گۆڕانی هاوسەنگییە جیهانییەکان، سەرهەڵدانی نەزمی نوێی جیهانی، دەست پێکردنی شەپۆلی سێهەمی ئەمنییەتی جیهان و هەروەها جیددیبوونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لە خەبات دژی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی و تیرۆریزم، نیشانەی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەیە کە لە سیاسەتی ئەواندا پێك هاتوە.


جا بۆیە ئەم بڕیارنامەیە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەك رێژیمێکی یاخی و پشتیوانی تیرۆریزم بەتەواوی لە ئاستی جیهاندا تەریك خستۆتەوەو وا وێدەچێ کە هەر چەشنە ملەجەڕێ و سەرپێچییەکی کۆماری ئیسلامی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیارنامەکەداو هەروەها ئەگەر تەنانەت بڕیارنامەکەش جێبەجێ بکا، بە هەردوو باردا، ئیمکانی ئەوەی کە رێژیم بە پێچەوانەی ئیرادەی یەکگرتووی وڵاتانی جیهان بجووڵێتەوە، یەکجار کەمەو لەهەر حاڵدا لەگەڵ سزای توندی نێونەتەوەیی بەرەورووو دەبێتەوە. چونکە بە پێی مەنتیقی حاکم لە دنیای ئەمرۆدا، مەحاڵە چاوپۆشی لەو مەترسییانە بکرێ کە لەلایەن رێژیمی تیرۆریست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەورووی جیهان دەبنەوە.

***

# (٥٨)ەمین خولی کۆڕی گشتیی UN، دەرفەتێ بۆ ڕەوینەوەی ناکۆکییەکان

عیرفان ڕەهنموون

کۆبوونەوەکانی خولی (٥٨)ەمین کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك لە کاتێکدا کارەکانی خۆی دەست پێ کرد کە پێشترو لە خولی (٥٧)ی کۆڕی گشتییدا لەسەر وەشاندنی گورزی سەبازی لە ڕێژیمی بەعسی عێراق، ناکۆکییەکی قووڵ لە نێوان وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا سەری هەڵ دابوو. بەڵام دوای هەرەسهێنانی ڕێژیمی بەعسی عێراق، ناکۆکییەکان بەرەو خاوبوونەوە ڕۆیشتنو ئێستا تەنیا لەسەر کاتی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنو ڕادەی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، مشتومڕی سیاسیو دیپلۆماتیك لە نێوان ئامریکاو ئینگلیس لە لایەكو فەرانسەو ئاڵمانو ڕووسیە لەلایەکی دیکەوە دەبینرێ کە وێدەچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆچوونەکانیان زیاتر لە جاران لێك نزیك ببنەوە.



لەو کۆبوونەوەیەدا کە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی بوون، کووفی ئەنان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام کرد تا هەموو هەوڵەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆر یەك بخەن. ئەنان بە درێژی باسی لەوە کرد کە تیرۆریزم وەك دیاردەیەکی مەترسیدار لەسەر تەناهیو ئارامیی جیهان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا تا ئەمڕۆ بەردەوام بووەو گیانی خەڵکانی بێدیفاعی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەفریقاو زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا کردۆتە قوربانی. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەڕەشە گەورەیەی کە بەهۆی تیرۆریزمەوە بەرەوڕووی جیهانی شارستانی بۆتەوە، داوای یەکخستنی هەموو هەوڵەکانی وڵاتانی ئەندام بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیەو ڕێگرتن لە دووپاتبوونەوەو پەرەسەندنی زیاتری ئەو دیاردە دزێوەی کردو گوتی: "ئەو هەڕەشەیە ئەوەندە گەورەیە کە ناکرێ چاوپۆشیی لێ بکرێو لە بەرامبەریدا خەمسارد بین".

سەبارەت بە عێراق، کووفی ئەنان، هەمووانی دڵنیا کردەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی بەرچاو دەدا بە دامەزراندنی عێراقێکی ئازادو ئارامو دێموکرات.

بەشێکی دیکەی قسەکانی کووفی ئەنان، تیشك خستنەسەر مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژو ئەگەری بەکارهێنانی لە لایەن دەستەو تاقمە تیرۆریستییەکانەوە بووو ناوبراو لەو پێوەندییەدا گوتی: "چەکە کۆمەڵکوژەکان تەنیا هەڕەشە لە وڵاتانی باکوورو خۆرئاوا ناکەن، بۆ دڵنیابوون لەو ڕاستییە دەتوانن پرسیار لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو خەڵکی ئێران بکەن".

یەکێك لەو کەسانەی لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی UN دا وتاری خوێندەوەو نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بایەخەوە گوێیان بۆ وتەکانی ڕاگرت، جۆرج بووش، سەرکۆماری ئامریکا بوو. ناوبراو بەشێکی سەرەکیی وتارەکەی تەرخان کردبوو بۆ تیرۆریزمی نێودەوڵەتیو لەو پێوەندییەدا گوتی: "ئەزموونەکانی دوو ساڵی ڕابردوو دەری دەخەن کە تیرۆریستان ـ ئەوانەی کە کاری خۆکوژی ئەنجام دەدەن ـ لەنێوان هیچ کەسدا جیاوازی دانانێنو بەگشتی لە دژی شارستانیەت دەجەنگنو هەندێ دەوڵەت مانەوەی خۆیان لە پەنابردنە بەر تیرۆردا دەبینن، ئەوەش ڕاڤەیەکی چەوتەو مێژووش شایەتی لەسەر دەدا."



بووش لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی: "لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا، بۆمان ڕوون بۆتەوە کە کێن ئەوانەی هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاسایشو تەناهی دەدەنو کێن ئەوانەی کە دەخوازن ئاژاوەو بشێوی جیهان دابگرێ. لە نێوان ئەوانەی دەیانەوێ مافی مرۆڤ بپارێزنو ئەوانەی بێبەزەییانە خوێنی ژنو زارۆکان دەڕێژن، هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکرێ. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە هاوکاریی تیرۆریستان دەکەن، بەشێکن لە بازنەی پیلانگێڕیو یان دەبێ هاوکاریی تیرۆریستان نەکەن یا خود خۆیان بۆ ئاکامەکانی ئامادە بکەن."

جۆرج بووش، لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژەی بەو کارە خزمەتگوزارییانە کرد کە هاوپەیمانان لە عێراق ئەنجامیان داونو گوتی: "ئامانجی سەرەکیی هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراقدا گەڕاندنەوەی دەسەڵاتە بۆ گەلی عێراق لە ڕێگای ئەنجامدانی کارێکی دێموکراتیی سەربەخۆ، ئەو کارەش دەبێ بە پێی پێویستییەکانی گەلی عێراق بێ، پێویستە نە زۆر پەلە بکەینو نە زۆر خاو بین."

ناوبراو لە وتارەکەیدا هەوڵی دا کە ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی ئەندام لەسەر دارشتنەوەی سیستمی سیاسیی نوێی عێراق، برەوێنێتەوەو بۆچوونەکانی هاوپەیمانانو وڵاتانی فەرانسە، ئاڵمانو ڕووسیە لێك نزیك بکاتەوەو بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وڵاتانە لە نیازەکانی ئامریکا، جەختی لەسەر ڕۆڵی بەرچاوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقی نوێدا کردو گوتی: "ئامریکاو هاوپەیمانەکانی کار بۆ دەرکردنی بڕیارێکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن تا نەتەوە یەکگرتووەکان کارەکانی لە عێراق پەرە پێ بداو UN هاوکار دەبێ لە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیو کارە خزمەتگوزارییەکانو کارئاسانی بۆ هەڵبژاردن.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، تیشکی خستە سەر گرنگیی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسو کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییە مەزنە لەسەر تەناهیی جیهان بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتو گوتی: "هەموو وڵاتانی ناوچەکە چاودێریی عێراقی ئازاد دەکەن. میلیۆنان کەس ئەم ئازادیو یەکسانیو پێشکەوتنە لەنێو دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینن. . . ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو جیهان دەبێ، لە ڕێگای ڕێگەگرتن لەو ئیدئۆلۆژییانەی کە تیرۆر ڕەوانەی وڵاتانی دیکە دەکەن. دیکتاتۆری لە عێراقدا توانیبووی ئارامیو تەناهیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بشێوێنێ، بەڵام دێموکراسی لە عێراقدا، دەبێتە سەرمەشق بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمە بە هاوکاریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەوڵ بۆ ئاشتی دەدەین. ئێمە ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژو ئەو ڕێژیمانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو شیمیاییو بیۆلۆژیکینو دەیانەوێ بەکاری بهێنن، دەبینەوە."

بەگشتی هەم قسەکانی بووشو هەم هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ عێراقدا لەگەڵ هاوپەیمانان کەوتبوونە ناتەباییەوە، تا ڕادەیەك لێك نزیك بۆوەو کەشوهەوایەکی ئارامتر بەسەر پێوەندییەکانیاندا زاڵ بوو.

***

# دەقی بڕیارنامەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەبارەی ئێرانەوە

## (دەقی تەواو)

**ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA)**
Gov/2003/69
**بەڕێوەبردنی ڕێککەوتننامەی دابینکردنی NPT (پەیماننامەی پێشگرتن بە پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمییەکان) لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا**
**ڕۆژی دەرچوونی بڕیارنامە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەران، ١٢ی سێپتامبری ٢٠٠٣ (٢١ی خەمانانی ١٣٨٢)**
**دەستەی بەڕێوەبەران**

ئەلف ـ بە وەبیرهێنانەوەی ڕاپۆرتی ٦ی ژوئەنی ٢٠٠٣ (١٦ی جۆزەردانی ١٣٨٢)ی بەڕێوەبەری گشتی (Gov/٢٠٠٣/٤٠) لەبارەی پێشێلکردنی تەعەهود (دەروەست بوون)ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو لادانی لە ڕێککەوتننامە، لە بوارەکانی ڕاپۆرتدان لەسەر ماددەکان، ئیمکاناتو تێکۆشانە (ئەتۆمییە)کانیو بە سەرنجدان بە درێژەی لێکۆڵینەوەو پشکنینی کاربەدەستان (یئاژانس)و بوونی ژمارەیەك کێشەی چارەسەر نەکراو"

ب ـ بە وەبیرهێنانەوەی قسەکانی ئەم دواییانەی بەڕێوەبەرانی ئێران لەبارەی قبووڵکردنو پابەندیی تەواو بە پەیماننامەی پێشگرتن بە پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمییەکانی NPTو پەیماننامەی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) وهەروەها بێعەلاقەیی کاربەدەستانی ئێران بە هەبوونی چەکە ئەتۆمییەکان"


ج ـ بە ڕاگەیاندنی بڕیاری ئێران لەبارەی دەستپێکردنی وتووێژو مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقیو قبووڵنەکرانی داوای ڕۆژی ١٩ی ژوئەن (٢٩ی جۆزەردان)ی دەستەی بەڕێوەبەران لە لایەن ئێرانەوە، کە مۆرکردنو بەڕێوەبردنی دەستبەجێو بێ هیچ چەشنە مەرجێکی ئەو پرۆتۆکۆلەی ویستبوو"

د ـ بە سەرنجدان بە ڕاپۆرتی ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٠٣ (٤ی خەرمانانی ١٣٨٢)ی بەڕێوەبەریی گشتی (Gov/2003/63)و ڕێز بۆ دانانی لەبارەی بەڕێوەچوونی پەیماننامە لە ئێرانداو هەروەها لە ئاکامی چالاکیو لێکۆڵینەوەیەکی توند کە بەهۆی ئاژانسەوە لە فێوریە (ڕێبەندان، ڕەشەمە)دا بەڕێوەچوون، دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە سەرەڕای ئەو پێشێلکارییانەی هەن، ئاژانس لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران تێگەیشتنێکی باشتر لە پێشووی هەیە"

هـ ـ بە ڕێزدانان بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی کارمەندان (ی ئاژانس) بۆ چارەسەرکردنی کێشە گرنگو زەقەکانی پەیماننامەو بە نیشانەی قبووڵکردنی بیروڕای بەڕێوەبەری گشتی کە پێی وایە زۆر هەنگاوی گرنگ و پێویست ماون کە دەبێ دەستبەجێ، جێبەجێ بکرێن تا بەم هۆیەوە ئاژانس بتوانێ کە لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران بگاتە ئاکام وەرگرتنی یەکجاری"

و ـ بە سەرنجدان بە ڕاپۆرتی کاتیی بەڕێوەبەری گشتی کە داوای هاوکاریی زیاتری لە ئێران کردووە، هاوکاریی زیاترو ڕێگەپێدانو کاردروستایی بۆ ڕوونبوونەوە (شفافیت)و ناسینی هەموو لایەنەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران بۆ وێنە ئاگادارکردنەوەی ئاژانس لە مێژووی بەرنامەی دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆمی ئێرانی لێ ویستوە"

ز ـ بە نیگەرانی لە بەیاننامەی بەڕێوەبەری گشتی کە دەڵێ لە سەرەتاوە دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری لەسەرەخۆ دەچووە پێشو پاشان خێرا بووو (هەروەها) هێندێك لەو زانیارییانە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پێشوو کە ئێران پێی دابووین لە ناتەباییدا بوونو، ئەو ناتەباییانە ژمارەیەك مەسەلەی گرنگیان کە دەبوو دەستبەجێ چارەسەر کرابان، زیاتر کرد"



ح ـ بە نیگەرانی لەوە کە:

• لە نموونە هەڵگرتنەوەکانی ئاژانس لە "نەتەنز"دا دەرکەوت کە ڕێژەیەکی زۆر لە ٢ جۆرە ئۆرانیۆمی دەوڵەمەندکراو لەو نموونانەدا هەن (جۆری U-232 و V238 ) کە ئەمە ئاژانس وا لێدەکا هەنگاوی زیاتر بە مەبەستی گەیشتن بە ئاکامی یەکجاری (لە بارەی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران) هەڵبگرێ"

• لێکۆڵەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) بۆیان دەرکەوتوە کە بەر لە دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەو پشکنین (ی ئەوان) لە دامەزراوی "شیرکەتی ئەلکترۆنیکیی کالایە"دا، ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریی بەرچاو پێك هاتوە کە لەوانەیە لەسەر دروستیی نموونە هەڵگرتنەوە لە شوێنەکە، شوێن دابنێ،

• هێندێك لە لێدوانەکانو ئەو بەڵگەنامانەی دراون بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) دەستیان تێ وەرداوە کە (لە ئاکامی ئەو دەست تێدانە) ژمارەی مەسەلە گرنگەکانی ڕاپۆرتەکە (کە دەبوایە چارەسەر بن) زیادیان کردوە"

• سەرەڕای بەیاننامەی ژوئەنی ٢٠٠٣ (جۆزەردانی ١٣٨٢)ی دەستەی بەڕێوەبەران کە مەبەستی دڵنیاییدان بە ئێرانو هاندانی بۆ کەڵك وەرنەگرتن لە ماددەی ئەتۆمی لە دەزگای "سانتریفیوژ" (دوور کەوتنەوە لە ناوەند) بوو، بەڵام ئێران ئەم بەیاننامەیەی پشت گوێ خستو، لەم ماددەیە کەڵکی وەرگرت"

ط ـ لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانیی قووڵ لەوەکە زیاتر لە ساڵێك لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەسەر تێکۆشانە ڕانەگەیەندراوەکان (ی ئێران) ڕادەبرێ، (لەو ماوەیەدا) ئێران هێشتا نەیتوانیوە نیگەرانیی ئەندامانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کە یەك لەو نیگەرانییانە بریتییە لە ڕاگەیاندنی هەموو تێکۆشانە ئەتۆمییەکانی بە ئاژانس (کە بە گوێرەی پەیماننامەی تەئمینیی ئاژانس، ئێران ئەوەی قبووڵ کردوە)، برەوێنێتەوە.

ی ـ بە سەرنجدان بە بەرپرسایەتیی قورسی ئێران لە بەرامبەر کومەڵگەی نێونەتەوەییدا سەبارەت بە ڕوونبوونەوەی تێکۆشانە ئەتۆمییە بەربڵاوەکانی"

ك ـ لەگەڵ بەڕەسمی ناسینی مافی سەرەتاییو حاشا لێنەکراوی دەوڵەتانی ئەندام لەبارەی پەرەپێدانی ئامانجە ئاشتیخوازانەکانی وزەی ئەتۆمی"

ل ـ بە پێداگرتن لەسەر پێویستیی بەڕێوەچوونی هەرچی کاریگەرتری پەیماننامەی تەئمینی (NPT)، بۆ پێشگیری لە بەرکارهێنانی ماددە ئەتۆمییەکان بۆ ئامانجە مەنع کراوەکانی ناتەباو نەگونجاو لەگەڵ پەیماننامە تەئمینییەکانی (NTP)و هەروەها بە پێداگرتن لەسەر پاراستنو پارێزگاریی کاریگەرو گرنگی پەیماننامە، بە مەبەستی هاسانکاری لە هاوکاری لە بواری بەکارهێنانی ئاشتیخوازانەی وزەی ئەتۆمیدا"

**١ـ داوا لە ئێران دەکا هاوکاریی خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی خێرا بکاو بە تەواویو بەڕوونی ئیجازەی لێکۆڵینەوە بدا بۆ ئەوەی ئاژانس بتوانێ لە زووترین کات، نیگەرانیی دەوڵەتانی ئەندام برەوێنێتەوە.**

**٢ـ داوا لە ئێران دەکا ئەو دڵنیاییە بدا کە لەمەودوا لەدانەوەی ڕاپۆرت لەبارەی ئیمکاناتو تێکۆشانو ماددە ئەتۆمییەکانی کە بەرعۆدە بووە ئەنجامی بدا، کەمتەرخەمی نەکا.**

**٣ـ بە پێداگرتنەوە لەسەر بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەران لە ژوئەنی ٢٠٠٣ (جۆزەردانی ١٣٨٢)دا کە ئێران بۆ کەڵك وەرنەگرتن لە ماددە ئەتۆمییەکان لە ئامێری دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم لە "نەتەنز"دا هان دەداو، هەر لەو پێوەندییەدا لە ئێرانی دەوێ کە هەموو چالاکییەکانی پێوەندیدار بە دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم کە کەڵك وەرگرتن لە ماددە ئەتۆمییەکان لە دامەزراوی نەتەنز دەگرێتەوە، هەڵپەسێرێو بۆ دڵنیاییو متمانەدان، لە هەر چەشنە هەوڵو هەنگاوێکی دووبارە تا جێبەجێکردنی مەرجەکانی وڵاتانی ئەندام کە بە پێی ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری گشتیو ڕێوشوێنەکانی پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی دەبێ، خۆ بپارێزێ.**

**٤ـ لەسەر بناغەی ئەم بڕیارەو بۆ متمانەدان بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) کە داواکاری دەست تێوەرنەدانی پێکهاتەی ماددە ئەتۆمییەکانە، پێویست دەکا ئێران بێدواکەوتن هەموو کەمتەرخەمییەکانی خۆی کە ئاژانس دەستنیشانیان دەکا، قەرەبوو بکاتەوەو هەروەها لەگەڵ ئاژانس بە مەبەستی قبوولکردنو بەڕێوەبردنی پەیماننامەی تەئمینی هاوکاری بکا. (لە پێناوی ئەوەدا ئێران) تا کۆتایی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣ (٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٢) ماوەی پێ دەدرێ کە هەنگاوە پێویستەکان کە بریتین لەوانەی خوارەوە، جێبەجێ بکا:**

I ـ ئاشکراکردنو ڕاگەیاندنی بە تەواویی ئەو ماددانەی لە دەرەوەڕا هێنراون، هەروەها ئەو کەلوپەلانەی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم بەکار براون، بەتایبەتی ئەو دەزگاو کەلوپەلە هێنراوانەی کە ڕێژەیەکی زۆر ئۆرانیۆمی دەوڵەمەندکراویان پێوەیەو هەروەها هاوکاری لەگەڵ ئاژانس لە ناساندنی سەرچاوەو کاتی وەرگرتنی ئەو کەلوپەلە هێنراوانەو هاوکاری لە ئاشکراکردنی ئەو شوێنانەی ئێران کە ئەو کەلوپەلو ئامێرانەیان لێ ئەنبار کراوە یا لەواندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە،

II) ئێران مل بدا بۆ دەستڕاگەیشتنی بێ هیچ بەربەستێکی ئاژانس بەو شوێنو جێگایانەی کە دەبێ نموونەیان لێ هەڵبگیرێتەوە. (هەروەها) ڕێگا بدا بە لێکۆڵینەوەی ئاژانس بۆ ڕوونبوونەوەی ڕاستیی ئیددیعاکانی ئێران سەردانی ئەو شوێنانە بکا کە ئێران ناوەکانی

بۆ لاپەڕی ١١

# بەبەس نەزانینی مافەکانی هاووڵاتی بۆ "کەمەنەتەوەکان": ستراتیژییەکی زۆر ڕەوای حقووقی

(بەشی دووهەم)

ئاسۆی حەسەن زادە

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا باسی هاتنەگۆڕی چەمکی مافەکانی هاووڵاتیبوون (حقوق شهروندی)مان لە نێو هێندێک کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگیو سیاسیی وڵاتەکەماندا کردو بە تایبەتی تیشکمان خستە سەر ڕوانگەیەک کە وێڕای ڕەخنە گرتن لە شێوازی خەباتی کوردەکانی ئێرانو هەڵبەزینەوە لە دروشمە نەتەوەییەکانمان، تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی مافی یەکسانی هاووڵاتیبوونو تاقەت کردنی یەکجاریی کولتوورو هوویەتی میللی لە ژووری ژیانی شەخسیو تاکەکەسیی ئینسانەکاندا بە ئالتێرناتیو بۆ ستراتیژییە سیاسییەکانمان دەزانێ. هەر لەوێدا ئێمە وەڵامی ڕەخنەکانمان ـ هەر نەبێ لە پێوەندی لەگەڵ میتۆدەکانی خەباتو تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا ـ دایەوە.

ئێستا لە درێژەی ئەو باسەدا دێینە سەر ئالتێرناتیوی پێشنیارکراو واتە بەرزکردنەوەی مەقوولەی هاووڵاتیبوون وەک تەنیا بناغەو پێوانەی بەشداریی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی وڵاتدا. بەڵام هەوڵ دەدەین تەنیا بە شێوەیەکی تیئۆری سەیری مەسەلەکە بکەینو لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە (واتە ئەو مەڵبەندەی چەمکی هاووڵاتیبوونی لێ بەقەرز وەرگیراوە) لە بناغە فیکریو گۆڕانکارییە نەزەریو عەمەلییەکانی ئەو چەمکە ورد بینەوە. کەوابوو ئێمە لێرەدا خۆمان بەوەوە خەریک ناکەین کە داخوا کورد لە ئێران بۆچی داوای خودموختاری یا فیدرالیزم دەکاو بۆ دەیەوێ کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی بکاتە پێناسەی بەشداربوونی لە دێموکراسیدا. هەروەک لە کۆتایی بەشی یەکەمدا نووسیمان هەر ئەوە کە گەلێک شتێکی دەوێ کافییە بۆوەی خواستەکەی بە مەشرووع لە قەڵەم بدەین. هەر بۆیە مەسەلەی ئەسڵی دەبێ بریتی بێ لەوە کە بە چ شێوەیەک دەکرێ ویستی ئەو گەلە لەگەڵ ئارەزووی گەلانی دراوسێی هاوئاهەنگ بکرێ. بەکارهێنانی دەستەواژەی "ستراتیژی حقووقی"یش لە نێو سەردێڕی باسەکەماندا هەر بەمە پاساو دەدەین: گەلی ئێمە تەنیا بەوەندە قەناعەت ناکا بڵێ دەخوازم چارەنووسی سیاسیی خۆم بەدەستەوە بگرمو گەرەکمە خواستە سیاسییەکانم وەدی بێنم، بەڵکوو هەروەها ژێرخانی نەزەری و چوارچێوەی نیهادیو حقووقیی داواکارییە سیاسییەکانیشی دادەڕێژێ. لەو نێوەشدا مەسەلەی چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵات لە ئاستی قەوارەی سەراسەریو ناوچەییداو پێوەندییەکانی نێوان پێکهاتە نیهادیو نەتەوەییەکانی وڵات بایەخێکی سەرەکیی هەیە چونکە ئامانجی هاوئاهەنگ کردنی حەزو ویستە جۆراوجۆرەکانی ئەو گەلو پێکهاتانە دەخاتە گرەوی خۆیەوە. (بڕوانە فەسڵەکانی ٢، (١٢) ٣و ٦ی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە ئایا چەمکی هاووڵاتیبوونو مافەکانی هاووڵاتیبوون بەتەنیا دەتوانن کێشەی پێکەوە ژیانی گەلانی پێکهێنەری وڵاتێکی فرە نەتەوە چارەسەر بکەن؟ پێویستە تەنیا بەو چەمکەوە نەنووسێینو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لەو پارادیگمە فیکرییانە بڕوانین کە بەدەوری ویدا دەخولێنەوەو سیاسەتی ناوەندگەرێتی (اقتدار مرکز)ی زۆر لە دەوڵەتانی سەردەمی ئەمڕۆیان لەسەر داڕێژراوە. دەوڵەتانی لەم بابەتە لەهەر شوێنێکی جیهان کە هەڵکەوتبن و بە هەر ڕێبازو ئیدئۆلۆژییەکەوە کە حکوومەت بکەن، بۆ بردنەپێشی سیاسەتی ناوەندگەرێتی بە شێوەی ڕەسمیو نارەسمی پشت بە تیئۆری سازییەکەوە دەبەستن کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە ئورووپای ڕۆژئاوا سەری هەڵ داوە. خاڵی هاوبەشی ئەو تیئۆری سازییە ڕۆژئاواییە لەگەڵ سیاسەتی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی بۆ قەبزەکردنی دەسەڵات لە ناوەندڕاو لە فەرمانڕەواییدا هێشتنەوەی تاقە یەک نەتەوە ئەو تیئۆرییانەیان کەمو زۆر کۆپی کردوە، ئەوە بووە کە چ بە ناوی بەرابەری، چ بە ناوی مەزهەبی هاوبەشی هەموان یا "هەموومان براین" ـ هەوڵ دراوە هوویەتێکی سیاسیی فەراگیرو توێنەرەوەی هوویەتە نەتەوەییەکانی دیکە پێک بێتو لە حاڵێکدا فەرهەنگی زۆرایەتی تەنیا نوێنگەی نەتەوەی حاکم بووە، هەوڵ دراوە کە "ئامانجی یەکەتی"و "بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی بێگانە"و تەنانەت "هاوپێوەندی لەگەڵ هاوئایینو هاوزمانەکانی گەلی حاکم لە دەرەوە" بکرێتە ئامراز بۆ وەی دەسەڵاتی ناوەندی ناسیۆنالیزمێکی گەورەترو ئاقڵتر (!!) لە هی کەمەنەتەوەو ناوچەکانی وڵات پێشنیار بکاو ناسیۆنالیزمی سیاسی (کە لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی گەلی حاکمە) بەسەر ناسیۆنالیزمە نەتەوەییەکاندا زاڵ بێ. ڕاستییەکی زۆر گرنگیش لێرەدا ئەوەیە کە چەمکی هاووڵاتیبوونو یەکسانیی هاونیشتمانان (سەرەڕای پیرۆزیو ڕەوابوونی نێوەرۆکەکەی لە جێدا) زۆربەی کات ـ بە تایبەتی لە ناوچەی ئێمەدا ـ وەک داردەستێکی زۆر لەبار بۆ سیاسەتێکی ئەوتۆی دەسەڵاتی ناوەندی بەکار هاتوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەر ئەو دەوڵەتانە لەبەر سروشتی نادێموکراتیکیان تەنانەت مافەکانی هاووڵاتیبوونی هاونیشتمانانی بە کولتوور سەر بە گەلی حاکمیشیان بێوچان پێشێل کردوە.

دەتوانین کاکڵی چەمکی مافەکانی هاووڵاتیبوون زۆر بە سادەو ساکاری لەوەدا کورت بکەینەوە کە بۆ دارشتنی مافو ئەرکە سیاسیو مەدەنییەکان تاکەکەس دەکرێتە "یەکەی بناغەیی" (واحد اساسی)، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ نەخشی مرۆڤ لە ژیانی سیاسیو گشتیدا، ئەو دەوروبەرو کۆمەڵە کولتوورییە تایبەتییە لە نەزەر ناگیرێ کە دەکرێ ئەو مرۆڤە ئەندامی بێ. ڕوانینێکی ئەوتۆ لە چۆنیەتیی بەشداریی خەڵک لە دەسەڵاتی فەرمانڕەواداو پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بەشتێکی زۆر کۆن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە قەڵەم نادرێو هەروەک گوترا دەگەڕێتەوە بۆ ئاخری سەدەی هەژدە لە ئورووپا واتە سەردەمی جێگیربوونی ئێتاناسیۆن (دەوڵەتی میللەتی). پێش ئەو سەردەمە تایبەتمەندیی هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگا سیاسییەکان لە ڕۆژگاری ئەرەستووڕا بگرە هەتا کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست چ لە ئورووپاو چ تەنانەت لە قاڕەکانی دیکە ئەوە بووە کە پێوانەی دارشتنی پێوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان نەک تاکەکەس بەڵکوو تاقمو گرووپو کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان بوونو هەمیشە وەک ئەندامێکی ئەو یەکە بە کۆمەڵانە سەیری تاکەکەس کراوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵگا سیاسییەکانی ڕابردوو لەوەدا دەبینرێ کە کولتووری نەتەوەییان تێدا نەدەکرا بە پێوانەی دارشتنی قەوارەی سیاسی، هەر بۆیە سەرەڕای بوونی دەیانو سەدان دەسەڵاتی بەربڵاوی فەرمانڕەوایی کەمتر وا بوو کولتووری گەلێکی فەرمانڕەوا لە سەر ئاستی سەرجەم سەرزەمینی ژێر فەرمانڕەواییدا نەهادینە بکرێ. لە ئاکامدا دیالێکتیکی پێکەوە ژیانی "گەلان" فڕی بەو ململانێ دوو قوڵییەوە نەبوو کە ئەمڕۆ لە زۆر شوێن لە نێوان "زۆرایەتی"و "کەمایەتی"دا هەیە. سەرەنجام سروشتی قەوارەی کۆمەڵگا سیاسییەکانی پێش مێژووی نوێ بریتی بوو لەوە کە یەکە سیاسییەکان زۆرتر بەرهەمی فاکتەرە سیاسیو ئابوورییەکان بوون، هوویەتی میللیو قەومی پێوانەی بەشداریی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیدا نەبووو فەرمانڕەواییەکان لەبەر ئەوە کە بەربڵاوو فرە قەومی بوون کەمتر سیاسەتی ناوەندگەرێتییان تێدا پیادە دەکراو یەکە سیاسییە ناوچەییەکان "خودموختار" بوون. هەڵبەت ئێمە نابێ لێرەدا کوێرانە پەسنی کۆمەڵگا سیاسییەکانی پێش ڕۆژگاری مۆدێرن بدەین، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین ئەو کۆمەڵگایانە بە نابەرابەریی سیاسیو ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی بەناوبانگ بوون. بیرۆکەی نەهێشتنی نابەرابەرییەکانو وەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا (یا هەر نەبێ لە نێوان هاونیشتمانان‌دا) ڕاست بەرهەمی ئەو تیئوری سازییەیە کە دوو سەدە لەمەوبەر بۆ بنیاتنانی دەوڵەتانی نوێ ئەنجام درا. تایبەتمەندیی سیستەمە سیاسییەکانی پێش ئەو وەختە لە ئورووپا ئەوە بوو کە لەلایەک دەسەڵاتی سیاسی لە نێوخۆدا پرشو بڵاو بووو لە ئاستی دەرەوەشدا زۆر جار دەکەوتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی کلیساو ئیمپراتورییە بێگانەکان، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵ لە چەندین بەرەو فیرقەی نەهادینەکراو پێک هاتبووو ڕادەی مافو ئازادییەکانی خەڵک بەو چینەوە بەسترابۆوە کە ئەندامی بوونو بەم جۆرە نابەرابەرییەکی زۆر لە نێوان ئینسانەکاندا وەبەرچاو دەکەوت.

ئەوە جیا لەوە کە سیستمی پاشایەتیو سەرەرۆیی بۆخۆی لەجێدا لەمپەرێک بوو لە بەرامبەر بەرابەریو کراوەیی بەتایبەتی لە بواری سیاسیو حکوومەتیدا.

شۆڕشی فەرانسە دەرفەتی ئەوە بە ئەندیشەی لیبراڵ دەدا کە بناغە تازەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن دارێژێ. ئەو ڕەوتە کە لەگەڵ خاوەن بیرانی "لوومییێر" (ڕووناکایی) دەستی پێکردبوو، بۆ خوێندنەوەو دارشتنەوەی کۆمەڵگا پشتی بە هێزی مەنتیق دەبەستو جیهان بین بوو واتە تێدەکۆشا بە یەک چاو سەیری سەرجەم مرۆڤایەتی بکا. ئامانجی کۆمەڵایەتیی ئەو ڕەوتە نەهێشتنی نابەرابەریو یەکسان کردنی مافو ئەرکەکانی هاونیشتمانانو مرۆڤەکان بوو. ئامانجە سیاسییەکەشی بریتی بوو لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی پتەو و بەهێزو وەسەریەک خراو کە دەستەبەری تەبایی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات بێ.

## ئێمە نابێ لێرەدا کوێرانە پەسنی کۆمەڵگا سیاسییەکانی پێش ڕۆژگاری مۆدێرن بدەین، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین ئەو کۆمەڵگایانە بە نابەرابەریی سیاسیو ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی بەناوبانگ بوون

ئامرازی ئەسڵیی ئەم تیئۆری سازییە لیبراڵە بریتی بوو لە چەمکی هاووڵاتیبوون بە مەبەستی جیاکردنەوەی تاکەکەس لە کولتوورو دەوروبەرە تایبەتییەکەیو پشت گوێ خستنی ئەو کۆمەڵە تایبەتییە فەرهەنگیو قەومییە کە تاکەکەس ئەندامیەتی. ئاکامی ڕوانینێکی ئەوتۆ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بریتی بوو لە تێک شکاندنی بەدەنەو فیرقە نەهادینەکانو نەمانی ئیمتیازاتی هێندێک چینو توێژو جێگیرکردنی یەکسانیی مافەکان لە سەر بناغەی "ئەندیویدوالیسم" واتە فەردگەرایی.

لە بواری سیاسیدا ئەم تیئۆری سازییە توانی بناغە نەزەرییەکانی قەوارەیەکی سیاسیی واحیدو "هرمی" دابڕێژێ کە یەکە بناغەییەکەی تاکەکەس بێ نەک گرووپو هیچ نیهادێکی واسیتە لە نێوان دەوڵەتو تاکەکەسدا نەهێڵێ. ئەوە بوو "ئێتاناسیۆن"یش لایەنی حکوومەتیی بەخۆیەوە گرتو لەگەڵ ژاکۆبینیسم (ناوەندگەرێتی) بوونە هاوپەیمانو تەنانەت پەنایان بردەوە بەر تیئۆریی سەروەری (دەسەڵاتی بێسنووری دەوڵەت) کە لە سەدەی شازدەدا لەلایەن "ژان بۆدەن"و لە سەردەمی سەرەرۆیی پاشایەتیدا گەڵاڵە کرابوو. بەرهەمی پێوەندی سەرجەم ئەو ئەسڵانە ئەوە دەبێ کە بۆ نموونە لە ماددەی سێهەمی "ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤو مافەکانی هاووڵاتیبوون"ی شۆڕشی فەرانسەدا ڕادەگەیەنرێ: "سەرچاوەی هەموو سەروەرییەک ناسیۆن (میللەت)ە. هیچ کەس، هیچ نیهادو هیچ بەدەنەیەک مافی حوکمڕانیی نیە مەگەر ئەوە کە میللەت مەئمووری کردبێ" بەم جۆرە ئەگەرچی گواستنەوەی دەسەڵات لە پاشاوە بۆ میللەت بە هەنگاوێکی دیموکراتیک لەسەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیدا لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام سەروەریی دەوڵەت هەر بە قووەتی جارانیو بگرە زۆر زیاتریش قوت دەکرێتەوەو هەموو تیئۆریسیەنەکانی ئەو کاتو دواتری دەوڵەت (ڕووسۆ، یەلینێک، مالبێرگ، . . . هتد) پێ لەسەر بەدەسەڵاتیو سەروەریی دەوڵەتێک دادەگرن کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لە باری کولتووریو قەومییەوە هاوڕەنگو یەکدەست کرابێ. چەمکی ناسیۆن وەک لەبارترین ئامرازی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە زەق دەکرێتەوەو ئەگەرچی هەر لەو سەردەمەدا زۆر تیئۆریسیەنی دیکە لە سەر بایەخی یەکسانیی زمانو کولتوورە نەتەوەییەکان پێدادەگرن (هێردێر، ڕێنێر)، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەوە فاکتەرە سیاسییەکانن کەبڕیار دەدەن چ گەلێک دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆیو قەوارەی سیاسیی وڵاتو دەزگای حکوومەتی، پەیڕەوی فەرهەنگی کام گەلو نەتەوە دەبێ. ئەوەش لە حاڵێکدا کە بێجگە لە هێندێک مەوریدی وەک پێکهاتنی دەوڵەتی ئەڵمانو ئیتالیاو ئەو دەوڵەتانەی چۆنیەتیی شکڵ گرتنی قەوارەکەیان هۆکاری مێژوویی هەیە نەک بناغەی نەتەوەیی (سویس، ئەمریکا) ـ مێژووی کێشەی نەتەوایەتی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستی ئورووپا پێمان دەڵێ کە چەمکی ئێتاناسیۆنی فەرهەنگی (واتە دارشتنی قەوارەی سیاسیی وڵاتێکی فرەنەتەوە لە سەر بناغەی هوویەتی قەومیی تاقە یەک نەتەوە) نەک هەر ناعادڵانە بەڵکوو زۆر خەیاڵ پەروەرانەش بەکار هاتوە.

سووژەی ئێمە لێرەدا نە تیئۆریی ناسیۆنالیزمە نە مێژووی مەسەلەی میللی. هەربۆیە بۆ ئەوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە با بزانین چەمکی مافەکانی هاووڵاتیبوون لە دنیای ڕۆژئاوادا چەندە ڕەنگدانەوەی لە ئاستی حکوومەتیدا بووەو چ ئاڵوگۆڕێکی نەزەریی بەسەردا هاتوە. لە بواری فیکریدا با پێش هەموو شتێک ئەوەمان لە بیر بێ کە ئەو ئیدەیە کە چوارچێوەو پێوانەی بەشداریی خەڵک لە حکوومەتدا تاکەکەس بێو بەس، ئامانجو ئاکامەکەی ئەوەیە کە پێناسە قەومیو زمانیو ڕەگەزیو ئایینییەکانی کەسایەتیی ئینسانەکان دەبێ لە چوارچێوەی ژیانی شەخسیو تاکەکەسیی وان دەرنەچنو نەیەنە نێو مەیدانی سیاسیو دەوڵەتییەوە. دابەشکردنی مافو ئەرکە حقووقییەکانی مرۆڤەکان بەسەر دووبواری ژیانی تاکەکەسیو شەخسی لەلایەکو ژیانی سیاسیو گشتی لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆن لە یوونانو ڕۆم، بەڵام لەو سەردەمەدا پێوانەی ئەسڵیی بەشداریی خەڵک لەبەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیدا پلەی کۆمەڵایەتیی وان بوو نەک "قومیت"یان. مەسەلەی دوو لایەنە بوونی نەخشی مرۆڤەکان لە مێژووی نوێی بیروبۆچوونی سیاسیدا کاتێک تیئۆریزە دەبێ کە "تۆماس هۆبس" نەزەریەی پەیمانی کۆمەڵایەتی دێنێتە گۆڕێ. ئەو دروست بوونی کۆمەڵگا سیاسییەکان ئاوا لێک دەداتەوە کە مرۆڤ بۆ وەی لە وەزعییەتی نائەمنو مەترسیداری ژیان لە سروشتدا بێتە دەر، ژیان لە نێو کۆمەڵی هەڵبژاردووەو بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی حاکمو سەرەڕۆ بیخاتە ژێر چەتری خۆیەوە حازر بوە دەست لە ئازادییە سروشتییەکەی پێشووی هەڵگرێ. بەڵام ئەو خۆ ملکەچ کردنەی مرۆڤ تەنیا پێوەندیی بە ژیانی گشتییەوە هەبوو،و مرۆڤ هێندێک ئازادیی بۆخۆی ڕاگرتوە کە بریتییە لە سەربەستیی تاکەکەسی کە بۆ ئەوە بەکار دێ کە ئەگەر هاتو دەسەڵاتی حاکم بەو جۆرەی پێویستە پارێزگاریی لێ نەکردو ڕێزی لێ نەگرت، بتوانێ لێی هەڵگەڕێتەوەو بیڕووخێنێ. لە سەروبەندی شۆڕشی فەرانسەدا ئەندێشەی لیبراڵ ئەو تیئۆرییە بۆ خۆی دەقۆزێتەوەو ئەو بیرە درێژە پێدەدا کە مرۆڤ لە دوو بواردا دەچێتە پێش: بوارێکیان بریتییە لە ژیانی شەخسیو ناچالاکو لەوێدا بە مرۆڤ دەڵێن تاکەکەس، بوارەکەی دیکەش بوارێکی چالاکە کە پێوەندیی بە ژیانی سیاسیو گشتیی مرۆڤەوە هەیەو لێرەدا بە مرۆڤ دەڵێن "هاووڵات". هەر لەو کاتەدا لە لایەک لەبەر ئەوەی دەسەڵات لە پاشاوە بۆ میللەت گوێزراوەتەوە، سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی (حاکمیت مطلق دولت) لە بواری گشتیدا کە بناغەکەی هاووڵاتیبوونە خولاسە دەکرێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەو هاووڵاتیبوونە وەک کۆڵەکەیەکی بنیاتنانی دەوڵەتێک بەکار دێ کە خۆی وەک ئاوێنەی کولتووری گەلی حاکم پێناسە دەکا (ئێتاناسیۆن). ئاکامی ئەو کیمیاگەرییە سیاسیو نەزەرییە ئەوە دەبێ کە لە مەیدانی گشتیو لە بواری دەوڵەتیدا جێگایەک بۆ کەسایەتیی قەومیی کەمەنەتەوەکان نامێنێتەوە.

ئەم شێوە ڕوانینە دواتر بە شێوەیەکی دنیاگیر زۆربەی دەوڵەتانی میللی دەیخەنە سەر حیسابی خۆیانو لە سیستمە سیاسییە نێوخۆییەکانیاندا دای دەبەزێنن. لە ئاستی نێونەتەوەییدا پاش ئەوەی بە درێژایی سەدەی بیستەم زۆر لە گەلان لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بێبەش دەکرێن، سیستمی پارێزگاریی نێونەتەوەیی کەمایەتییەکان هەر لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێ، واتە لە لایەک ئەو مافو ئازادییانەی بۆ کەمەنەتەوەکان لە نەزەر دەگیرێن زۆرتر فەرهەنگیو تاکەکەسی دەبنو لە بە ڕەسمی ناسینی هوویەتیو کەسایەتیی بە کۆمەڵی وانو پێدانی مافی سیاسی ـ نیهادی خۆدەبوێردرێ ـ لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکو ئیجباراتێکی زۆر ڕوونو بە نێوەرۆک ناخرێتە سەرشانی دەوڵەتانو وا نیشان دەدرێ کە "هویت"و "قومیت" پێوەندییان بە ژیانی تاکەکەسییەوە هەیەو دەوڵەت هەقی بەسەریانەوە نیە.

لە بەشی سێهەمو کۆتایی باسەکەماندا دەبینین کە چلۆن ڕوانینێکی ئەوتۆ لە کێشەی نەتەوایەتی لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەییدا گۆڕانی بەسەردا هاتوەو ئەو تیئۆرییانە شی دەکەینەوە کە لیبرالیزمی فەردگەراو چەمکی هاووڵاتیبوونیان وەبەر ڕەخنە داوە.

***

# قەتڵی ناموسی

**خەدیجە مەعزوور**

بەدەنگەوەچوونی تکاو رەجای ماوەیەک لەوەپێشی قازی بەوێژدانی دادگوستەریی ئوستانی خوزستان لە پێوەندی لەگەڵ بێدەنگ نەبوون لە بەرامبەر کوشتنی کیژۆڵەیەکی تەمەن ٧ ساڵە لە سەر ناموس لە لایەن باوکی‌یەوە.

بەرپرسی دادگوستەریی خوزستان لە وتوویژێک‌دا لەگەڵ هەواڵنێری هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران "ئیسنا" لە بارەی قەتڵە ناموسی‌یەکاندا گوتی: "ئەو کەسانەی لە بەرامبەر قەتڵەناموسی‌یەکان لە ئێراندا بێدەنگن، لە رژانی خوێنی ئەم کەسانەدا بەشدارن. ناوبراو هەروەها لە بارەی روونکردنەوەی ئەم فەرهەنگە دژی ئینسانی‌یەدا گوتی" هێندێک کەس هەن بە خۆیان ئیزن دەدەن کە لە خۆڕا ژنێک تاوانبار بکەن‌و بە نهێنی، بێ دادگایی‌و بەبێ رێگەدان بە دیفاع لەخۆکردنی ئەو ژنە حوکمی کوشتنی بدەن‌و بیکوژن، کە زۆر جار دەرکەوتوە ئەو کەسانە بێ‌تاوان بوون. ئەمن وەک بەرپرسێکی قەزایی دەڵێم ٨٠٪ی ئەو کەسانەی کوژراون بێ‌تاوان بوون‌و لە لایەن کەسانی هەلپەرەست‌و قازانجخوازەوە تاوانبار کراون. هەروەها بەرپرسی دادگوستەریی خوزستان داوای لە هونەرمەندان، فیلم سازان، چیرۆکنووسان، خوێندکاران، مامۆستایانی زانکۆکان، سەرۆک عەشیرەتەکان‌و وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن کرد بۆ ریشەکێش کردنی ئەم فەرهەنگە چەوت‌و هەڵەیە هەوڵ بدەن‌و خەبات بکەن، ناوبراو

لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە قەتڵی کیژۆڵەیەکی تەمەن ٧ ساڵە لە سەر ناموس کرد کە بە وتەی پزیشکی قانوونی، باوکی لەگەڵ ئەوەی ١٤ سەعات کچە ٧ ساڵانەکەی بە برسی‌یەتی هێشتۆتەوە، سەری بڕیوەو پاشانیش سەلمێنراوە ئەم کچە بێ‌تاوان بووە. پاشان گازندەی لە چاپەمەنی، ژنان، پیاوانی ئایینی‌و زانکۆکان کردوە کە بۆچی لە بەرامبەر ئەم جینایەتەدا بێدەنگن؟

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەسڵی باسەکە، باش وایە بزانین ناموس یا شەرەف چیە؟ ئایا هەموو کەس بە شێوەیەک‌و بە بۆچوونێک دەڕوانێتە ئەو مەقوولانە؟ داخوا ناموس لە روانگەی هەموو کەسێکەوە یەک شتە؟ ئایا مرۆڤێکی شورشگێڕو روناکبیرو مرۆڤێکی سوننەتی‌و دواکەوتوو لەو بوارەدا بۆچوونی جیاوازیان هەیە؟

ناموس بە تەعبیرو تەعریفی مرۆڤە کۆنەپەرست‌و دواکەوتووەکان، پاکی‌و داوێن خاوێنی رەگەزی مێ‌و خۆپاراستنی لە هەرگوناهێک بە تایبەت لە بواری سێکسی دایە. یانی ئەگەر رەگەزی مێ لە بواری سیکسی‌یەوە عەیبێکی لەسەر بێ، ئەوە بە خوێن‌و کوشتنی نەبێ ئەو عەیبە ناشۆرێتەوەو ئابروو یا ناموس ناپارێزرێ. لە راستی‌دا ئەمجۆرە پیاوانە بە جێگای ئەوەی مەسەلەی سێکس لە پێوەندی لەگەڵ ژن بە شێوەیەکی مەنتیقی‌و ژیرانە چارەسەر بکەن، وەک کالایەکی بێبایەخ دەروانن ژن کە لە مەعامەلەیەکی نێوان دووکەس‌دا کەوتبێتە دەستیان. هەر لە سەرەتای مەعامەلەدا لێی حاڵی دەکەن کە نەتەنیا جەستە، بەڵکوو شعوورو بیرکردنەوەشی لە پاوانی پیاودایەو ئەگەر چووکترین گومانی لێ بکرێ دەبێتە قوربانی‌و گیانی لێ دەسێندرێ. هەر لەو پێوەندی‌یەدا بە میلیونان ژن‌و کچی بێ‌تاوان لە وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیادا بوونەتە قوربانیی گومان‌و نەفامی‌و غرووری بێ‌جێی ئەو پیاوانە کە گۆیا دیفاعیان لە ناموسیان کردوە. ناموس لە روانگەی مرۆڤێکی شۆرشگێڕو روناکبیرەوە پێناسەیەکی دیکەی هەیەو ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی مەنتیقی‌و ئینسانی هەڵ دەسەنگێندرێ. هەر تەنیا ژن بە ناموسی پیاو دانانرێ، بەڵکوو بەلایەوە گەلێک بەهای جوان‌و بەرز لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەن کە دەکرێ وەک ناموس‌و شەرەف سەیریان بکرێ‌و دەبێ بپارێزرێن. ناموس خەیانەت نەکردنە بە گەل‌و نیشتمان، ناموس بێ‌تەفاوەت‌و بێ‌لایەن نەبوونە بەرامبەر بە دابونەریت‌و فەرهەنگە چەوتەکانی کۆمەڵەکەی، ناموس بڕوای قووڵە بە سەرکەوتنی گەلەکەی، ناموس دەستدرێژی نەکردنە سەر ماڵ‌و خێزانی خەڵکە، ناموس بڕوای تەواوی ژن‌و پیاوەو خەیانەت نەکردنی ئەوانە بە یەکترو سەرئەنجام حورمەتگرتن‌و بایەخدانە بە پلەی بەرزی مرۆڤ.

کەوایە ناموس کیژۆڵەی تەمەن ٧ ساڵەی خوزستانی نیە کە بە تاوانی نەکردوەو ناموسی بابی خەوشدار بێ!! و بۆ پاراستن‌و گەڕاندنەوەی ناموس سەری لە لەشی جیا بکرێتەوە. کچێکی خێر نەدیوی هەولێری کە پارەکە بە تاوانی هەڵگوتنی شێعر بە دڵدارەکەی‌دا بە فێڵ‌و تەڵەکە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دەکوژرێ، یا ئەو ژنە لاوەی کە لە سەر وێنەگرتن، لەلایەن مێردەکەیەوە سەری لەلەشی جیادەکرێتەوە. یا بووکە خێر نەدیوەکەی گوندی نجنێی ناوچەی بانە کە گۆیا لە کچێنی بێبەش بووە، بۆ ئەوەی ناموسی بنەماڵە بپارێزرێ لە لایەن براکانی‌یەوە بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دەکرێ‌و دەکوژرێ‌و هەزاران نموونەی دیکە لەو کچانە کە بوونەتە قوربانیی خۆبەزلزانی‌و گومان‌و بوختان‌و شتی بێبایەخی لەم بابەتە لەلایەن پیاوانەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ قەتڵی کچە تەمەن ٧ ساڵانە خووزستانی‌یەکە، لەلایەن باوکی‌یەوە، هێندێک پرسیار دێنەگۆڕێ. ئایا منداڵێکی تەمەن ٧ ساڵان توانای لێک جیاکردنەوەو تەشخیسی تا چ رادەیەکە؟ ئایا منداڵی تەمەن ٧ ساڵانە چاک‌و خراپ بە باشی لێک جیا دەکاتەوە؟ ئایا مەیلی جینسی کیژۆڵەیەکی ٧ ساڵە وەک کچێکی بالغ وایەو لە بەرامبەر ئەو مەسەلە جینسییانەی کە بۆی دێنە پێش وەک مرۆڤێکی کامڵ بیردەکاتەوەو لێکیان دەداتەوە؟و . . . بێ شک نا. کەواتە بۆچی دەستدرێژی کردنە سەر کیژۆڵەیەکی ناکامڵ لە لایەن کەسێکی باڵغەوە کە توانای تەشخیسی چاکەو خراپەی هەیە شەرەف‌و ناموسی باب یا بنەماڵە دەخاتە مەترسی‌یەوە؟ بەڵام ئەو کەسە باڵغ‌و خەتاکارە هەروا بە شەرەف‌و ناموس دەمێنێتەوە؟ بەڵام ئەگەر کوڕێک دەستدرێژی بکاتە سەر کچێک‌و تەماح لە ناموسی خەڵک بکا، یا بە پێچەوانە دەستدرێژی بکرێتە سەر کوڕ، ئابڕوو و ناموسی بنەماڵە لە مەترسی ناکەوێ؟ ئەو هەموو زوڵم‌و ستەم‌و یاسا ناعادلانەو نایەکسانانە کە بۆ ژنان ریز کراون تا کەی دەبێ بمێنێتەوە؟ کەی رەوایە کە ژن وەک کالایەکی بێبایەخ لە ئیختیار پیاودابێ‌و لە سەرەتایی‌ترین مافی ئینسانی لە کۆمەڵ‌و بنەماڵەدا بێبەش بێ‌و وەک مەوجوودێکی دەستەوەستان‌و دەرەجە٢ سەیر بکرێ‌و بە چووکترین خەتا کەسایەتیی پیاو خەوشدار بکا؟ روانگەی ئەمجۆرە پیاوە کۆنەپەرست‌و خۆبەزلزانانە ئەوەیە کە ئەوە ئەرکی بێ‌ئەملاوئەولای ژنە کە نەهێڵێ چووکترین دڕدۆنگی بکەوێتەسەر. بەڵام پیاو ئابرووی ژن نیەو ئازادە چۆنی بۆ لوا گاڵتە بە ناموسی خەڵکی دیکە بکاو ژیانی ژن بخاتە مەترسی‌یەوە.

یاسای هێندێک لە وڵاتە دواکەوتووەکان نەتەنیا تارادەیەکی زۆر ماددە قانوونی‌یەکانیان پەرەپێدەری ئەو جۆرە فەرهەنگەیە، بەڵکوو مرۆڤە هەلپەرەست‌و ئیگۆئیستەکانی ئەم وڵاتانەش کە تەنیا مەیل، هەوەس، قازانج‌و بەرژەوەندیی خۆیان بەلاوە گرینگە، هەردەم لە هەوڵی پەرەپێدانی زیاتری ئەم فەرهەنگە دژی ئینسانی‌یەدان. لە راستی‌دا کەم نین ئەو پیاوانەی کە پێیان وایە ئەو جۆرە ناموسە لە پاوانی خۆیان دایەو حەریمی ناموسی خەڵکیش دەتوانن ببڕن. کێ ناموسی پیاو دەخاتە مەترسی‌یەوە، بێجگە لە هاوچینەکەی خۆی کە تەماح لە ناموسی کەسێکی دیکەی وەک خۆی دەکا؟

تا ئێستا بۆخاشەبڕکردنی ئەم فەرهەنگە دژی ئینسانی‌یە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، روناکبیران‌و ژنانی بەرپرس بە سەدان کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو کۆنگرە لە سەرانسەری جیهاندا پێک هاتوون‌و دژیی ئەم فەرهەنگە چەوتە بیری ئەمجۆرە پیاوانەیان تێدا لەقاودراون، بەڵام بەداخەوە هێشتا شوێنی بنەڕەتی‌و زۆر کاریگەریان داناوەو ئەم فەرهەنگە ناشیرینە بە تەواوی ریشەکێش نەکراوە. لە قارەی ئەفریقاو وڵاتە عەرەبی‌و ئیسلامی‌یەکانی وەک میسر، نیجریە. سوودان، ئوردۆن، فەلەستین، عێراق، سووریەو ئێران‌و . . .دا کوشتنی ژن لە سەر ناموس زۆر باوەو تەنانەت یاسای بەشێک لەم وڵاتانە پشتیوانی لەم کەسانە دەکا کە دەست بۆ ئەم شێوە قەتڵانە دەبەن.

هەروەک ئاماژە کرا لە ناوچەکانی کوردستان بەگشتی‌و بەتایبەت کوردستانی عێراقدا لەسەر فەرهەنگی بەناو ناموس پەرەستی‌یەوە، رۆژ نیە بەدەیان داستانی تراژدیی ئەوتۆ تۆمار نەکرێن‌و ویژدانی مرۆڤایەتی نەهەژێنن. تەنانەت لە کوردستاندا لەسەر خۆشەویستی‌و رەدووکەوتن، کچ دەبێتە قوربانی. چونکە بە دڵخوازی خۆی هاوسەر هەڵدەبژێرێ‌و دەخالەت‌و موخالیفەتی بنەماڵەیی قبووڵ ناکا.

بۆ خاشەبڕکردنی ئەم فەرهەنگە لەلایەن هێندێک کەسایەتی‌و لایەنگرانی مەسەلەی ژنانەوە چەند هەنگاوی بەکەڵک هەڵ هێنراون، بەڵام مخابن ئەم فەرهەنگە وەک رەوتێک هەر درێژەی هەیە. بەڵام راستی ئەوەیە، نابێ لەبەرامبەر ئەو قەتڵانەدا بێدەنگ بین‌و ئیزن بدەین ژنان سووک‌و هاسان لە بێدەنگی‌دا ببنە قوربانی. ئەگەر غەیری ئەوەبێ لە خوێنی ئەو کەسانەی کە بێ تاوان دەکوژرێن ئەگەر شەریکیش نەبین، دووچاری عەزابی ویژدان دەبین.

❊❊❊

# نامەیەک بۆ بەڕێوەبەرانی

# یەکەم فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران

خۆشەویستان! من منداڵم زۆر خۆش دەوێن. دنیای منداڵان دنیای منە، چونکە هەم دایکم‌و هەم مامۆستا بووم. ٣١ ساڵ تەمەنمەو لە درێژایی ئەو ژیانە تاڵ‌و شیرینەدا، هیچ کات منداڵانی کوردم ئاوا بە دڵخۆشی‌و شادمانی نەدیتوە. هەربۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدا کە لە ناخەوە شادیم لە دڵدا دەگەڕا، جاربەجار فرمێسکم بۆ بێ دەرەتانیی ئەوان دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەوەری.

بێگومان جێی رێزو قەدر زانی‌یە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ منداڵان رەخساندوە تا زانایی، لێهاتوویی، تواناو کەسایەتیی خۆیان بنوێنن‌و هەست بە بوون‌و گەورەیی خۆیان بکەن. سازدانی ئەم فستیڤاڵەو بایەخدان بە حەزو خوزیای منداڵانی کوردستان کارێکی گەورەو هەنگاوێکی پیرۆزەو گرنگیدان بەو مەسەلەیە لە لایەکەوە مایەی دڵگەرمی‌یە بۆ منداڵان‌و بەڕێوەبەران‌و لەلایەکی‌تریشەوە دەنگدانەوەی باشی هەیە بۆ حیزبی دێموکرات. چونکە ئەمڕۆ کە بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، دنیا، دنیای منداڵانەو بۆ ئاسوودەیی ئەوان بوودجەیەکی زۆر تەرخان کراوەو لەباری ماددی‌و مەعنەوی‌یەوە یارمەتییان دەدرێ‌و هەموو جۆرە ئیمکاناتێکی فکری، جەستەیی، پەروەردەیی‌و تەندروستییان بۆ دابین کراوە. کەواتە بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئاوا بەجێ، پێشڕەوی‌و پێشکەوتنخوازیی حیزبی دێموکرات دەگەیەنێ.

سەرەڕای ئەوە کە یەکەمجار بوو فستیڤاڵی منداڵان لە ریزی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوە دەچوو، بەبێ پێداهەڵگوتن‌و موبالەغە، بەرنامەیەکی زۆر زۆر بەکەڵک‌و بەجێ، رێکوپێک‌و شاد، پڕنێوەرۆک، رەنگاورەنگ‌و جوان بوو، هەروەک جوانی‌و بێگەردی منداڵانی کوردستان.

بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە بەرنامانە بەتایبەتی لە قاڵبی فستیڤاڵدا کە چەندین رۆژ دەخایەنێ، کارێکی یەکجار دژوارو تاقەت پڕووکێنەو هەموو کەسێک ناتوانێ قەرە لە قەرەی بدا. بەتایبەت ئەگەر کارەکە بۆ منداڵان بێ‌و منداڵان خۆیان بەڕێوەبەر بن. من وەک دایکێک سوپاس‌و رێزی بێ‌پایانی خۆم ئاراستەی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەو فستیڤاڵە دەکەم‌و دەستی



**دیمەنێک لە یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی**

هەموو ئەو هاوڕێیانەی بۆ نووسین‌و هەڵبژاردنی جۆرو شێوەی بەرنامەکان خۆیان ماندوو کردوەو بە ئەنجامی ئەو کارە رێزیان لە منداڵانمان ناوە، ماچ دەکەم‌و سەری رێز دادەنوێنم. من هەستم پێ کرد کە هاوڕێیانی بەڕێوەبەر چەند بە پەرۆش‌و ماندوویی‌و روویەکی گەش‌و خۆشەوە ئەو کارە درێژە دەدەن. هیوادارم لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوەچوونی ئەو کارە موسبەتانە زۆر بێ‌و ئەو کەس‌و لایەنانەی پێشنیاری ئەو بەرنامە بەکەڵکانە دەدەن، رێزیان لێ بگیرێ، تەشویق بکرێن‌و بە گەرمی سوپاسیان لێ بکرێ. وێڕای سوپاس‌و ماندوو نەبوونی دووبارە لە بەڕێوەبەرانی یەکەم فستیڤاڵی منداڵان چەند تێبینی‌یەکم هەبوو کە پێم خۆش بوو عەرزتان بکەم.

بەداخەوە لەو فستیڤاڵەدا باوکان بەشدار نەبوون‌و تەنیا دایکەکان بەگەرمی پێشوازییان لەو کارە تازەیە کردو رێزیان لە منداڵان‌و بەڕێوەبەران گرت. دیارە تا رادەیەک نەهاتنی باوکان جێگای گلەیی نیە، چونکە لەلایەکەوە بەبێ شک کاریان هەبووەو بۆیان نەکراوە! لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا ئەرکی پەروەردەکردن‌و ئاگاداری لە منداڵ کاری دایکە،و باوکان لەو بارەوە ئەرکیان نیە، وەک ئەوە کە منداڵ هی ئەوان نەبێ!! (*)

لە پێشکەشکردنی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی فستیڤاڵدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەشدار بوون، بەڵام چالاکیی کچان زۆر بەرچاوتر بوو لە هی کوڕان‌و لەگەڵ ئەوەش‌دا دیسان وەک پێشوو "جیاوازیی جینسی" بە بەرنامەکانەوە دیار بوو. مەبەست لە باسکردنی ئەو مەسەلەیە گلەیی لە بەڕێوەبەرانی بەرنامە نیە، چونکە لە رابردووو کۆنەوە هەروا هاتوەو گرنگ ئەوەیە پێش بەو رەوتە هەڵەیە بگرین. بۆ نموونە لە شانۆیەکدا هەرکە پەردە هەڵدرایەوە، کچێک گەسکی بە دەستەوە بووو ماڵی خاوێن دەکردەوە، لە شانۆیەکی دیکەدا کە تەمبەڵخانە بوو، هەموو بەشدارەکان کچ بوون‌و هەمووشیان تەمبەڵ بوون. لە تابلۆیەکی دیکەدا منداڵانی زۆر بچووک کە هەموویان کچ بوون، لانکیان لەبەردەم بووو خەریکی منداڵداری بوون. ئایا ئەو شێوە بیرکردنەوە هەڵەیە کە ئەرکی سەرشانی کچان‌و ژنان تەنیا ماڵداری‌و ئاگاداری لە منداڵە، دەبێ هەر درێژەی هەبێ‌و ئەو بیرتەسکی‌یە کۆتایی پێ نەیە؟! وەڵامەکەی دوورو درێژەو لە لە چوارچێوەی باسەکەماندا نیە؟ بەبڕوای من پێویست نەبوو سروودی "ئەی رەقیب" بگوترێ. چونکە رێوڕەسمی حیزب نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵە بەرنامەیەک بوو کە منداڵان پێشکەشیان کرد.

پێشانگای وێنەو کارە دەستی‌یەکان زۆر باش بوو، بەتایبەت زۆربەی وێنەکان شارەزایانە کێشرابوونەوەو دەستی پەپوولە جوانەکان خۆش بێ.

هاوڕێیانی بەڕێز! منداڵانی زێدە ئازیز! پڕ بەدڵ بەبۆنەی بەڕێوەچوونی یەکەم فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران پیرۆزباییتان لێ دەکەم‌و هیوادارم لە بەڕێوەبردنی هەموو ئەرکێکدا بەو شێوەیە سەرکەوتووو سەربەرز بن. دڵنیا بن گەلەکەمان شانازی بە ئێوە دڵسۆزان‌و ماندوویی نەناسان‌و مرۆڤدۆستانەوە دەکا. هەر ئێوەن رێگای دروستی پەروەردەو فێرکردن‌و گۆشکردنی جگەرگۆشە بەتواناکانی ئێمەتان گرتۆتە بەر. هەر بژین بۆ خزمەتی گەل.

**س. ق**

(*) بۆ ئاگاداریی ئەو مامۆستاو خوێنەرە بەڕێزەو هەروەها بۆ ئاگاداریی خوێنەرانیش، بەشێک لە باوکەکان بۆیە بۆ فستیڤاڵ نەدەهاتن، چونکە لە ماڵەوە ئاگایان لە منداڵە بچووکەکان دەبوو تا دایکەکان بتوانن بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرنامەکانی فستیڤاڵ ببینن.

❊❊❊

# قەیرانیماڵوێرانکەری ئیعتیاد لە زمان ئامارە ڕەسمییەکانی ڕێژیمەوە

زانکۆ

ئەمڕۆ دیاردەی ماڵوێرانکەری ئیعتیاد، باوترین خەسار (ئاسیب)ی کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا. ئەو دیاردەیە لەگەڵ سێ قەیرانی دیکەی وەك قەیرانی ئاوکیو حەشیمەتیو ژینگەیی لە ئاستی جیهاندا باسی لێ دەکرێو وەك کێشەیەکی جیهانیو بە یەکێك لە تاوانە ڕێکخراوەکان دەناسرێ، بە وتەی بەرپرسی ئەنجومەنی کۆمەڵناسانی ئێران، ئیعتیاد، خۆکوژیو چوونە سەری ڕێژەی منداڵانی بێئەنوا، کچانی هەڵاتوو، فەحشا، توندوتیژیو سواڵو دزی لە گەورەترین کێشەکانو خەسارەکانی کۆمەڵگای ئێرانن، کە باوترینیان دیاردەی ئیعتیادە(١). گەشە کردنی سەرسوڕهێنەری ئیعتیاد لە ئێراندا، یەکێکە لە گرینگترین هۆکارەکانە کە هەڕەشە لە ژیانی کەلتووری، کۆمەڵایەتیو سیاسیی وڵات دەکا.

کاربەدەستانی ڕێژیم دوو ساڵ لەوەپێش، دانیان بەوە داناوە کە ناتوانن لەگەڵ مەوادی موخەدێردا بەربەرەکانی بکەنو هەر ئەو کات بەرپرسی ڕێکخراوی پاكو خاوێنی وڵات ڕایگەیاند کە لە حەشیمەتی ٦٠ میلیۆنی ئێران، ٦ میلیۆن کەسیان موعتادن (٢). یانی هەر لە ١٠ کەسان یەك کەس موعتادە، کە ئەگەر منداڵان لە ئامارەوە دەربهاوێین، لە هەر ٧ کەس دا ١٠ کەس موعتادە. هەر ئەو بەرپرسە، گوتبووی، هەموو ساڵێ ٦٠ هەزار کەس بە حەشیمەتی موعتادەکانەوە زیاد دەبێ، هەر ئەوە بۆ خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە دوای دوو دەیە بەربەرەکانێی ڕێژیم لەگەڵ مەوادی موخەدێر، تەنانەت بە گوێرەی دانپێنانی بەرپرسانی ڕێژیمیش ئەو بەربەرەکانییە نەیتوانیوە، سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ئەو دیاردە ترسناکە بەردەوام لە حاڵی پەرەگرتن دایە. بە سەرنجدان بەوە کە دوو ساڵ لەوە پێش ئەو ئامارە ڕاگەیاندراوەو ئێستا حەشیمەتی ئێران خەریکە خۆی لە سنووری ٧٠ میلیۆن کەس دەدا. ڕێژیم نە تەنیا نەیتوانیوە بە سەر قەیرانەکانی نێوخۆو دەرەوەدا بەتایبەت کێشە نێوخۆییەکاندا سەرکەوێ، بەڵکوو ئەو قەیرانانە بەردەوام لە پەرەسەندن دان. لە ڕاستیدا ئاماری موعتادان لە ئێراندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بڵاو بۆتەوە، بە جۆرێك مەوادی موخەدێرو ئیعتیاد لە ئێراندا، چیدیکە، وەك خەسارێکی کۆمەڵایەتی چاوی لێ ناکرێ بەڵکوو، وەك قەیرانێکی کۆمەڵایەتی قسەی لە سەر دەکرێ، کە هەڕەشە لە ژیانو ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دەکا. هەر چەند ئەو ئامارانە جیان لە ئامارەکانی پێوەندیدار بە هەژاریو دزیو ئیدزو سەرجەم نەخۆشییە جەستەییو دەروونییەکانو . . . هتد. بەڵام لە ئاکامدا نیشاندەری کۆمەڵگایەکی نەخۆش کە بە دوای کێشەو قەیران گەلێکی ترسناكو ڕوو لە تەشەنەوە سەریان هەڵداوە.

بەڵام داخوا بۆچی ئەو دیاردەیە تا ئەو ئاستە گەشەی کردوە، ئێستاش لە حاڵی گەشەکردن دایە؟ ئەو بەڵایە لە قۆناخی تازە لاویدا ڕێگای بۆ خۆش دەکا. دیارە زۆر کەسیش لە تەمەنی سەرەوەتریشدا تووشی دەبن. ٦٠٪ی پێکهاتەی حەشیمەتی وڵات لە ژێر ٢٥ ساڵییەوەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی موعتادەکان بێتە خوارتر، بە جۆرێك کە هەر ئێستا دەگوترێ کە ئەفرادی ١٥ ساڵ بۆ سەرێ گیرۆدەی ئەو بە لایەن (٣). زۆربەی خاوەن ڕایان لە سەر ئەو باوەڕەن کە داخرانی لە ڕادە بەدەری فەزای کۆمەڵایەتیو کەلتووری، لە کۆماری ئیسلامیدا، گرینگترین هۆکارن لە ڕاکێشرانی لاوان بۆ لای مەوادی موخەددیر. لە وڵاتێکدا کە هەژاریو بێکاری، خەمۆکیو ترسو نیگەرانیو دەیان کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی بەرۆکی لاوانی گرتبێ، بایەخ بە پێداویستییەکانی لاوان نادرێ، بواری گونجاو بۆ چالاکییو پڕکردنەوەی کاتو ساتەکانیان پێك ناهێنرێو لە هەموان گرینگتر هیچ ڕێکارێك بۆ پێش گرتن لە ئیعتیاد چ لە ئاستی بنەماڵەو قوتابخانەو چ لە ئاستی کۆمەڵگادا نیشان نادرێ.

ئەو هۆکارانە دەبنە بیانوویەك بۆ پەنا بردنە بەر موادی موخەددێر لە لایەن لاوانەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحیو دەروونییەکانیان.

دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە هۆکاری جوغرافیایی وەك هاوسنووریی ئێران لەگەڵ ناوەندە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو مەوادەو هەڵکەوتوویی جوغرافیاییو هەڵکەوتن لە سەر ڕێگای ترانزێتی مەوادی موخەددێر بە جۆرێك کە ٩٠٪ی تێکرای ئەو تریاكو مۆرفینەی لە جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە بە ئێراندا تێدەپەڕێو هەروەها نرخی گرانی کۆمەڵایەتیو ماڵیی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیە، کونترۆڵ کردنو پێشگرتنەکەی زۆر دژوار دەکا. بەڵام بەو حاڵەش لە هێندێ وڵاتدا کونترۆڵ کردنی ئەو مەسەلەیە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

بەربەرەکانی لەگەڵ ئیعتیاد پێویستی بە دەروەستبوونی سیاسیو جیددی لە ناوەندە بڕیاردەرەکانی سەرەوەی حکوومەتو هەروەها بەسیجی گشتیدا هەیە، هەموو کەس دەزانێ کە باندەکانی نێو حاکمییەتدا هەر لە قۆناغی بەرهەمهێنان تا بڵاوکردنەوەی ئەو مەوادە لە نێوان قاچاغچییەکاندا دەستیان هەیەو لە قۆناغی دواییدا واتە لە ترانزێتشیدا بێ ئەملاو ئەولا لە لایەن بەرپرسانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئیسلامی کونترۆڵ دەکرێ. بە پێی هێندێ لە هەواڵەکان کاربەدەستانی ڕێژیم توانیویانە لە ناردنە دەرەوەی ئەو مەوادەدا وەپێش هەموو کەس بکەونەوە، هەر بۆیەش لە ماوەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتدارێتی ئەو ڕێژیمەدا بە پێی ئەو زانیارییانە کە لە سەرچاوەکانی دەوڵەتەوە چنگ کەوتوون ئاماری موعتادانی وڵات لە ٢٠٠٠ کەسەوە گەیشتۆتە ٦ میلیۆن کەس.

> **بە پێی هێندێ لە هەواڵەکان کاربەدەستانی ڕێژیم توانیویانە لە ناردنە دەرەوەی ئەو مەوادەدا وەپێش هەموو کەس بکەونەوە، هەر بۆیەش لە ماوەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتدارێتی ئەو ڕێژیمەدا بە پێی ئەو زانیارییانە کە لە سەرچاوەکانی دەوڵەتەوە چنگ کەوتوون ئاماری موعتادانی وڵات لە ٢٠٠٠ کەسەوە گەیشتۆتە ٦ میلیۆن کەس.**

لێکۆڵینەکان نیشان دەدەن کە تەنیا ڕێگەی پێشگرتن لە ئیعتیاد بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیە نییە، بەڵکوو ئاگاییدان بۆ فێرکردنو چۆنیەتی خۆ پاراستن لە ئاستی بنەماڵەو قوتابخانەکانداو هەروەها بڵاوکردنەوەی ئاماری ئیعتیاد، دەتوانێ دەرەنجامەکانی بە خەڵك باشتر بناسێنێو ئەوەش لە کۆنترۆڵ کردنیدا کاریگەر بێ. شتێك لە کۆماری ئیسلامیدا هەر ئێستا بە شێوەی کاتیو نیزامی لەگەڵ دەکرێ، دیارە ئەویش قاچاخچییەکانو دەستو پێوەندییەکانی ڕێژیم ناگرێتەوەو تا ئێستاش گرینگی بە بنەما زانستییەکانی نەدراوەو پێش ئەوەی کە وەك مەسەلەیەکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ڕەوانی چاوی لێ بکرێ وەکوو تاوانو خەتا سەیر دەکرێ.

لە کوردستانی ئێراندا سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باس کران بە هۆی نێوەرۆکی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە خۆی مەوادی موخەدێر بڵاو دەکاتەوە!! هەرچەند تاکو ئێستاش ئامارێکی ڕاستەقینەی موعتادەکانی ئەو ناوچەیە بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام جارە جارە لێرەو لەوێ ئامارگەلێك لەو پێوەندییەدا بڵاو دەبنەوە کە ئەوانیش ئاماری واقیعی نین، بەڵام لە ڕاستیدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دیاردە ماڵوێرانکەرە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە پەرەسەندن دایە. لە هاوینی ڕابردوودا کاربەدەستانی ڕێژیم ڕایانگەیاند کە ٦٥٪ی نەخۆشیی ئیدز بە هۆی ئیعتیادەوە بڵاو دەبێتەوە کە ژمارەی تووش بووەکان بەو نەخۆشییە ٤٠٠٠ هەزار کەس دەبێ ـ بەڵام دوایی ئاشکرا بوو کە ئاماری ڕاستی ئەو نەخۆشییە لە ئێراندا لە نێوان ٢٢ تا ٢٥ هەزار کەسە ـ کە ئوستانی کرمانشان بە تەنیا ٩٠٠ کەسی تووشبوان بەو نەخۆشییەی لە خۆ گرتوە(٤). یانی بە گوێرەی ئاماری ڕێژیم ١ لە ٤ی ئیدزییەکان لە ئێراندا دانیشتوی ئەو ئوستانەن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە بە پێی هێندێ لە هەواڵو ئامارەکان هەزاران کەس لە ئوستانەکانی کوردستانو ئیلامو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا تووشی ئەو نەخۆشییە بوونو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش ژمارەیان دەچێتە سەرێ.

کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی پتەوی گەلی کورد لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانی لە هیچ چەشنە جینایەتێك سڵی نەکردۆتەوە. لە مەوادی موخەددیر بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی قایمی خەڵکی کوردستانو بۆ دوور خستنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە مەسەلە سیاسییە ڕەواکانیان وەك چەکێکی ترسناك لە کوردستاندا کەڵك وەردەگرێ. ڕێژیم تەنیا بەوەش قەناعەتی نەهێناوەو لە زیندانەکانیشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی تووشی بەڵای ئیعتیاد کردووەو لەو پیلانە وەك سیاسەتێکی ڕەسمی کەڵك وەردەگرێ. زۆرن ئەو کەسانەی ساخو سلامەت بۆ زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەپێچەك دەدرێنو دوای ماوەیەکی کورت بە ڕوخسارێکی ترسناكو جەستەیەکی تێکشکاو وەك موعتادێك ڕەوانەی نێو کۆمەڵگا دەکرێنەوە.

کەوابوو بە پێی ئەو زانیارییانە لە سەر کۆماری ئیسلامی لە بەر دەستمان دان، ئەو ڕەوتە هەر وا درێژەی دەبێو چوونە سەری ئامارو ژمارەی موعتادەکان لە ئێرانداو بەتایبەت لە کوردستاندا شتێکی چاوەڕوانکراوە. هەر بۆیەش بەربەرەکانی لەگەڵ کێشەیەکی وا لە ڕاستیدا بەرەکانییە بۆ پاراستنی سلامەتیی کۆمەڵگاو حورمەتی ئینسانانە، کە ئەوەش ئەرکێکی پیرۆزی سەر شانی هەموانە.

❊❊❊

# شارەداری تارانو چەند داهێنانێکی نوێ!

کاتێك لە وڵاتێکدا دەستەو تاقمێك دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن کە بناغەی حاکمییەتو فەرمانڕەوایی خۆیان لەسەر ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتیو بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، مەسەلەی "خۆمانە"و "ناخۆمانە"بوون بە شێوەیەکی زەقو بەرچاوو بێئەملاو ئەولا دێتە کایەوە. خۆییەکان دەبنە خاوەنی زۆر مافو دەسەڵاتو تەنانەت دەستیان بەزۆر لە ئیمکاناتو ئیمتیازات ڕادەگاو لە زۆربەی تاوانو هەڵەکانیان چاوپۆشی دەکرێو "ناخۆمانە"کانیش تەنیا ئەرکیان بەڵێ گوتنو چاولەدەستی دەبێو لە زۆر بواری جۆراوجۆرداو بە بیانووی سەیرو سەمەرەش نە تەنیا لە مافی ئینسانیی خۆیان بێبەش دەکرێن، بەڵکوو بەشێوەی جۆراوجۆریش دەخرێنە ژێر فشارو ڕێگای زیندانو تەنانەت ئیعدامیان دەکەوێتە بەر.

قسەی حەق هەر ئەوەیە کە خۆمانەکان دەیکەنو کاری چاك هەر ئەوەیە کە ئەوان ئەنجامی دەدەنو چی بە زاروزمانی ناخۆمانەکاندا بێو هەر کارێك ئەوان بیکەن، ئەوە نادروستو هەڵەیەو لە ڕێگا دەرچوونەو ئەوەش سزای خۆی هەیەو سزای ئەو جۆرە تاوانانەش بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر قورسو گرانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری ئیسلامو پارێزەری باوەڕە ئایینیو مەزهەبییەکان دەزانێ، بەپێی ئەو تەعبیرو تەفسیرانە کە ڕێبەرانی ئایینو مەزهەبو ئیسلام دەیانکەن، هەڵوێستو کارو کردەوەو ڕادەربڕینەکانی خەڵکی دیکە لە سەنگی مەحەك دەداو باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە چی ئەو دەیڵێو دەیکا، دروستو ڕەوایەو گوێدان بە ویستو داخوازیی خەڵك لە ڕێگا دەرچوونو دوورکەوتنەوەیە لە ئایینو باوەڕو ئایینە مەزهەبییەکان.

ئەو شێوە بۆچوونو ئەمجۆرە دەسەڵاتەی کە لەسەر بناغەی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی دادەمەزرێ، نەك جیاوازیدانان لەنێوان خەڵکی "خۆمانە"و "ناخۆمانە"دا بە ئەرکێکی سەرشانی خۆی دەزانێ، بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ یاساو دابونەریتو لایەنەکانی دیکەی ژیانی خەڵکیشدا هەروا بیر دەکاتەوەو بە کردەوەش بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی ژیان، هەڵسوکەوت، ڕادەربڕینو تەنانەت شێوەی جلوبەرگ پۆشینو شتی لەو بابەتەش ڕێوشوێن دادەنێو خەڵکی "ناخۆمانە"ش ناچار بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم چوارچێوەو ڕێوشوێنانە دەکا. بەگشتی هیچ بوارێك لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵك نامێنێتەوە کە نەخرێتە بازنەی بۆچوونە تەسكو کۆنەپەرستانەکەی دەسەڵاتدارەتییەوەو لە ئاکامدا خەڵك لە زۆر پێداویستیی ئینسانیو ئیمکاناتی پێشکەوتووی دنیای ئەمڕۆ، بێبەش دەکرێن.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرکامیان بۆ ئەوەی زیاتر وەفاداریی خۆیان بە ڕێژیمو باوەڕو بۆچوونەکانی خۆیان نیشان بدەن، لەو پێوەندییەدا دەکەونە کێبەرکێو تێدەکۆشن لەو بارەیەوە لە هاوبیرەکانی خۆشیان وەپێش بکەونو وا بیر دەکەنەوە چەندی لە ویستو داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات دوور بکەونەوە، ئەوەندە زیاتر لە باوەڕە ئایینییەکانو ئامانجەکانی ڕێژیمە ئیسلامییەکەیان؟! نزیك بوونەتەوە.

لەو پێوەندییەدا مەحموودی ئەحمەدنەژاد کە لەم دوایانەدا وەك شارەداری تاران دیاری کراوە، بە پەلە کەوتۆتە داهێنانی شتی سەیرو سەمەرەی ئەوتۆ کە باسلێکردنیان ئەویش لە دنیای ئەمڕۆدا لەلایەك هەر بۆ گاڵتەو پێکەنین دەبنو لەلایەکی دیکەشەوە دەبنە هۆی داخو پەژارە لەوەی کە چۆن کاربەدەستانی ڕێژیم گاڵتە بە هەست، سۆزو ویستو داخوازەکانی خەڵکی وڵاتەکەمان دەکەن.

شارەداری تازەی تاران ماوەیەك لەوەپێش پێشنیاری کرد کە تەرمی ٧٢ قوربانیی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عیراق، لە ٧٢ شەقامو گۆڕەپانی گەورەی تاران بنێژرێنو بۆ هەرکامیان شوێنی تایبەت دروست بکرێ بۆ ئەوەی کەشوهەوای شەهادەتو گیانبازی بەسەر شوێنە گشتییەکاندا زاڵ بێو ئەو دیمەنانە هەمیشە لەبەر چاوی خەڵك بن، کە ئەوە خۆی نارەزایەتیو ئیعتیرازی خەڵكو تەنانەت بەشێك لە نوێنەرانی مەجلیسیشی بەدواوە بوو. ناوبراو، کە وێدەچێ یەکێك لە ئەندامانی تاقمی توندڕەوی ئەنساری حیزبوڵڵا بێ، لەم دوایانەشدا پێشنیاری کردوە کە ناوەندە فەرهەنگییەکان "فرهنگ سراها" بکرێنە حسینییەو ئەو بوودجەیەی کە تا ئێستا شارەداری بۆ بواری موسیقی دیاریی کردوە، بۆ مزگەوتەکان تەرخان بکرێ. ناوبراو لەو پێوەندییەدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەرمانان لە کۆبوونەوەی پێش نوێژانی جومعەی مەنتەقە ١٠ی تاران ڕایگەیاند کە هیچ کەس لە شارەداریی تاراندا مافی ئەوەی نیە سامانە گشتییەکان لە ئیختیاری کەسانێك دابنێ کە بۆ بەڕێوەچوونی فستیڤاڵو شتی لەو بابەتە خەرجی دەکەن. هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە بوودجەی ١٣٠ میلیارد ڕیالی، کە بۆ پەرەپێدانی بواری موسیقی تەرخان کراوە، دەبێ بدرێتە مزگەوتەکانو ماڵە فەرهەنگییەکانیش دەوری حسینییە بگێڕن.

شارەداریی تازەی تاران هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند لە بەرامبەر هەر ڕێوڕەسمێکدا کە لەژێر ناوی نێونەتەوەییدا بەڕێوە بچێ، نابێ بێدەنگ بینو پێویستە دژایەتی نیشان بدەین.

بیستنی ئەو جۆرە پێشنیارانەو باس لەو جۆرە مەسەلانە لە دنیای ئەمڕۆدا زیاتر وەك شتی پێکەنینیو گاڵتە دەچن، بەڵام لەجێدا هەموو ئەو باسو پێشنیارانە ڕاست لە نێوەرۆکی ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرنو جێی داخیش ئەوەیە کە لە سەردەمێکی وەك ئەم سەردەمەدا، گەلانی ئێران کەتوونە ژێر حاکمییەتێکی دیکتاتۆریو دواکەوتوانەی ئەوتۆ کە باسکردنو هێنانەگۆڕی ئەو جۆرە مەسەلانە نەك شەرمو شوورەیی نیە، بەڵکوو بە داهێنانو شاکاریان دادەنێ. مرۆڤ لەو سەردەمەدا وێڕای ڕێزدانان بۆ باوەڕە ئایینییە پیرۆزەکانی خۆی، پێویستی بە زۆر پێداویستی مەعنەویو ماددی هەیە کە هەرکامیان بەشێکن لە ژیانی قەدەغەکردنو پشت گوێخستنیان، بێجگە لەوەی ئینسانەکان لە زۆر شت بێبەش بکا، بەرهەمێکی دیکەی نیە.

ڕێژیمێك کە ڕێبەرانی ئەم شێوە بیروبۆچوونەیان هەبێو شارەداری وەك ئەحمەد نەژادی هەبێ، کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە جوانکردنی شارو کارە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە ژیانو سلامەتی، ئاسوودەییو ئاسایشی خەڵکەوە، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، دەبێ لە سەرەتای دەست بەکاربوونیدا ئەو جۆرە پێشنیارانە بداو سەروەتو سامانی گشتی تەنیا بۆ هێندێ شوێنو هێندێ کاری گونجاو لەگەڵ بۆچوونی تەسكو دواکەوتوانەی خۆی تەرخان بکا. دەبێ چ چاوەڕوانییەکی سەبارەت بە ئازادی، دێموکراسیو مافی مرۆڤو پاراستنی حورمەتی ئینسانی لێ بکرێ. بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە باسو پێشنیارانە ئەگەر لە جێدا ناخۆشو جێی داخن، بە کردەوە دەتوانن بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری بیروڕای گشتیو ناساندنی نێوەرۆکی واقیعیی ڕێژیم بە خەڵکی جیهان، بە تایبەت ئەوانەی هیوایان بە ئاڵوگۆڕی لەبارو بە قازانجی خەڵك لەو ڕێژیمە هەیە، شوێندانەر بێ.

❋❋❋

# کۆتایی هاتنی

# سەدو پەنجا و یەکەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٥شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٢/٧/٣ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی ١٥١ەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەوە ڕێورەسمێکی تایبەت بە بەشداریی هاوڕێ کەماڵ کەریمی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبو بنەماڵەکانیان، لە فێرگەی سیاسی-نیزامیدا بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ کەماڵ کەریمی، بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

کاك کەماڵ پاش ماندوونەبوونی لە مامۆستایانو بەشدارانی دەورە بە خێرهاتنی ئەو هاوڕێ تازانەی بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کردو لەو بارەیەوە وتی: **"بەرپرسی فێرگەمامۆستاکانو هەموو کادرو پێشمەرگەکانی فێرگە! ئیجازەم بدەن ڕوو لەو لاوە تێکۆشەرانە بکەم کە ئەمڕۆ ناوی پڕ لە شانازیی پێشمەرگەیان پێبەخشراوەو دەبێ ئەوانیش ئەو شانازییە هەست پێ بکەن کە ئەوان هاتوونەتە ڕێگایەکەوە کە ڕێگای هەزاران ڕێبواری ڕێگای ئازادیو ڕێگای هەزاران شەهیدە کە لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کوردو وەدیهێنانی ئەو مافە ڕەوایانەی کە گەلەکەمان چاوەڕوانیەتی گیانیان بەخت کردوە. بێشك یەکێك لە هۆیەکانی تەداومی موبارزاتی ئێمەو خەڵکی کورد ئەوە بووە کە لە نێو میللەتەکەماندا هەمیشە ئەوەندە لاوی خوێن گەرمو بە هەست هەبووە کە زیاتر لە بەشەکەی دیکە هەستیان بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە بەشخوراویی میللەتەکەیان کردوەو هەر ئەوەش ئەو ڕێگایەی خۆشو هەموار کردوە بۆ ئەوەی کە دەبینین دەستە دەستە لە لاوانی کورد لە سەختترین شەرایەتدا هەتا ئەمڕۆش ڕوویان کردۆتە پێشمەرگایەتی، کە یەکێك لە ڕێگاکانی پاراستنی میللەتەکەمانە لە سەرکوت کردنو لەنێوچوونو لە جینۆساید"**. پاشان هەر لەو پێوەندییەدا وێڕای ئاوردانەوەیەك لە ڕابردووی پڕ لە هەورازو نشێوی خەباتی گەلەکەمان، سەبارەت بە بەردەوامبوون لە سەر ئەو ڕێگایە کە هەڵیان بژاردوە وتی: **"ئەگەر ساڵانی ڕابردوو وەبیر بێنینەوە، شەڕگەکان، بەرەکانی مقاومەتی خەڵك لە بەرامبەر هێرشەکانی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامیداو ئەو قارەمانییەتیو فیداکارییانەی کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەرەکانی شەڕدا ئەنجامیان داوە، بیرمان دێتەوە کە ئەگەر ئەو بەربەرەکانییەو ئەو مقاومەتو قارەمانیەتییە نەبوایە شایەد گەلی کورد ئێستا لەو مەوقعییەتەدا نەبوایە کە ئێمە دەیبینینو ئەو چاوەڕوانییەی لێ نەدەکرا کە ئێستا لێی دەکرێ. هەر بۆیە شانازییە بۆ ئەو لاوە کوردانە کە ئەمڕۆ خۆیان بە پێشمەرگە دەزانو ناوی پێشمەرگەیان لە سەرەو هیوادارم بتوانن وەك بە ئیرادەیەکی باشەوە هەڵیان بژاردوە کە بێنە ئەو ڕێگایە بە ئیرادەیەکی قایمترەوە بتوانن درێژە بەو ڕێگایە بدەنو ڕێبازی شەهیدانمان بگەیننە ئەنجامو بتوانین بە یەکەوە جێژنی سەرکەوتن لە وڵاتی خۆمانو لە نێو خەڵکی خۆماندا بگرین".**

بەڕێزیان دواتر وێڕای ئاوردانەوەیەك لە ڕابردووی کۆماری ئیسلامیو هەلومەرجی نالەبارو ژیانی دژوارو پڕ لە گیروگرفتی خەڵکی ئێران، باسی لە بەڕادیکاڵ بوونی دروشمەکانی خەڵك بە هۆی تێگەیشتنیان لە نیزامی کۆماری ئیسلامییەوە کردو وتی: **"ئەگەر ساڵانی پێشوو خەڵك داوای کار، داوای نانیان دەکردو هاواریان دەکرد لە دەست بێکاری، ئەمڕۆ ئیتر تێگەیشتوون کە موسەبەبی تەواوی ئەو نابەسامانیانەو موسەبەبی تەواوی ئەو وەزعە خراپەی کە بە سەر گەلانی ئێراندا هاتوە، تەنیاو تەنیا ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامییە" بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر سەیری دروشمەکەیان دەکەین خەڵك لە بێکاری نانالێنن، خەڵك لە بوونی جمهووریی ئیسلامی دەنالێنن. بۆیە ئێستا لە جیاتی داوای کار، لە جیاتی داوای نان داوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا موشکیلەکان ڕووبەڕووی مەسئوولێکی کۆماری ئیسلامی دەبووەوە، ڕووبەڕووی ئوستاندار، ڕووبەڕووی فەرماندار، دەبووەوە ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ ئەو موشکیلاتە ڕووبەڕووی سەرانی ئەسڵیی جمهووریی ئیسلامی دەبێتەوەو ئەوەش ئێمە لە بیستنی شوعارەکاندا دەبینین".**

کاك کەماڵ لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەو گوشارە دەرەکییانە کرد کە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بۆتەوەو وتی: **"ساڵانی ڕابردوو ئەگەر دەماندی لە موقابیل فشارە خارجییەکاندا مقاومەتی دەکرد، حەتتا تەهدیدی دەکرد، ئێستا دەبینین جمهووریی ئیسلامی بە هەزار جۆر دەیهەوێت خۆی لەو کێشەیە بشارێتەوەو هەر چۆنێك بێت بۆ زەمانێکی کورتیش بێت مەسەلەکە وەدوا بخا بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێگا فەرارێك بدۆزێتەوەو ئەو قەیرانە لە سەر خۆی لا ببات. بەڵام ئەو گۆڕانانەی کە بە عام لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا ڕوویان داوەو ئەو گۆڕانە کە ئێمە لە ناوچەدا دەیبینینو دەزانین تەئسیری ڕاستەوخۆی لە سەر یەك یەکی ئەو وڵاتانەی ناوچە هەیەو بە تایبەتی لە سەر ئێران، دڵنیامان دەکاتەوە کە هەروەك دەزانین لە نێوخۆی وڵاتدا جمهووری ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی بۆ نەماوە بۆ ئەوەی کە خەڵك بێدەنگ بکاو پێش بە خەڵك بگرێ دەزانین کە لە موقابیل فشارە دەرەکییەکانیشدا، ڕێگای فەراری نیە".**

**ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا موشکیلەکان ڕووبەڕووی مەسئولێکی کۆماری ئیسلامی دەبووەوە، ڕووبەڕووی ئوستاندار، ڕووبەڕووی فەرماندار، دەبوونەوە ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ ئەو موشکیلاتە ڕووبەڕووی سەرانی ئەسڵیی جمهووریی ئیسلامی دەبێتەوەو ئەوەش ئێمە لە بیستنی شوعارەکاندا دەبینین".**

پاشان ئاماژەیان بە مەسەلەی تیرۆریزمو نەخشی ڕێژیمی ئاخوندی لە پەرەپێدان بە مەسەلەی تیرۆریزمدا کرد.

بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب دواتر ئیشارەی بە شۆرشی نوێی گەلەکەمانو نەخشی حیزبی دێمۆکراتو بە تایبەت شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، لە ناساندنی گەلی کوردو کێشە ڕەواکەی بە دنیای دەرەوە کردو وتی: **"لە کاتی هاتنە سەرکاری جمهووریی ئیسلامی لە ئێران، بە دوای ئینقلابی ١٣٥٧دا، مەسەلەیەك بوو کە ئەگەر فیداکاریی هێندێك لە ڕێبەرانی کورد، ئەگەر بوونی حیزبێکی مێژوویی وەکوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبوایە، ئەگەر بوونی ڕێبەرێکی زانای وەکوو دوکتور قاسملوو نەبوایە، لەو سەردەمەدا ڕەنگ بوو شۆڕشێکی ئاوا دروست نەکرایەو مەسەلەی کورد دەنگێکی لێ نەهاتبایە، بەڵام بە هەموو ئەو هۆکارانەوە شۆڕشی کورد لە کوردستانی ئێران سەری هەڵدایەوەو بە شێوەیەکی نوێو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر دەستی پێ کردەوە".** ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە پێشێ، باسی لە مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران کردو وەدیهاتنیانی بەئاوات خواست.

بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بە پێویستیو زەروورەتی خۆ پێگەیاندنو خۆ ئامادەکردن بۆ داهاتوو کردو لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە کارو تێکۆشانی فێرگەی سیاسی- نیزامی لەو پێوەندییەدا کردو وتی: **"هەر وەکوو لە فێرگەی سیاسی-نیزامیدا دەبینین کە پێگەیاندنو فێرکردن وەك ئەرکێکی زەرووریی حیزب کەوتۆتە بەرچاو. لە گەڵ ئەوەی ماندوو بوونێکی یەکجار زۆری تێدایە، لە گەڵ ئەوەی ئینرژییەکی یەکجار زۆری پێویستە، دەبینین کە کۆمەڵێك بەرپرسو کادرو پێشمەرگەی حیزب خۆ ماندوو دەکەن، زەحمەت دەکێشن بۆ ئەوەی کە ئەو حەددی ئەقەل سەرەتای فێرکردنە بگۆزنەوە بۆ ئەو هاوڕێیە تازانە. بەڵام ئەوە بێشك سەرەتایەکە بۆ ئەوەی ئێمە بخاتە سەر ڕێبازی فێرکردنی گشتی، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ خۆ پێگەیاندن، بۆ فێربوونی هەر چی زیاتر بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین تەئسیری زیاترمان هەبێ، تەئسیری موسبەتترمان هەبێت".**

شایانی باسە لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە ڕاپۆرتی ئامووزشی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێیانیەوە، پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەیدا وێڕای ئاوردانەوەیەك لە وەزعییەتی لاوانی کوردستان سوپاسی بەرپرسو مامۆستایانی فێرگەشی کرد، سەبارەت بەو نەخشەی لە پەروەردە کردنو پێگەیاندنی لاوانی کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیانە. پاشان هاوڕێیان کاك مەهدی بەدریو کاك بەهادین ئیبراهیمی لە نێو مامۆستایانی فێرگەی سیاسی-نیزامی، خەڵاتیان بە سەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

نێوئاخنی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکە ئاهەنگو شێعرو گۆرانیی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەکەوەو بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزب ئامادەکرابوون.

***



# هەواڵە وەرزشییەکان

**ئا: ئەشکان**

## زولفەقارنەسەب و سەرکەوتنێکی بەهێز

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧ی خەرمانان لە جەرەیانی یارییەکانی لیگی حیرفەیی فووتباڵی ئێراندا، یانەی پەیکانی تاران بە ڕاهێنەریی بیژەنی زولفەقارنەسەب لە یارییەکی بەهێز لە یاریگای ئازادیو لەبەردەم ٤٠ هەزار کەسدا ٢ ـ ١ لە یانەی پرسپۆلیسی تارانی بردەوە. یانەی پرسپۆلیس بەو دۆڕاندنە تووشی یەکەم شکستی یارییەکانی ئەمساڵ بوو.

## کوورش باقری، قارەمانی کێشهەڵگری ئاسیا

یارییەکانی کێشهەڵگری (وزنەبرداری)ی ئاسیا کە لە وڵاتی چین بەڕێوەدەچوو، ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بە قارەمانی ئێران کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا کوورش باقری، کێشهەڵگری کرماشانی لە کێشی ٩٤ کیلۆدا، بەدوای وەدەستهێنانی دوو میداڵی زێڕو زێو لە حەرەکەتەکانی یەکجارو دووجار (یك ضرب و دو ضرب)دا بەگشتی پلەی یەکەمو میداڵی زێڕی ئاسیای وەدەست هێنا.

## زۆرانی پاڵەوانیی ئێران و سەرکەوتنی دوو کرماشانی

یارییەکانی زۆرانی پاڵەوانیی ئێران کە لە شاری هەمەدان دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان کۆتایی پێ هاتو دوو زۆرانەوانی کرماشانی پلەی یەکەمی کێشەکانی خۆیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٧٠ کیلۆدا "ئەفشین کووهەنسەرباز"و هەروەها لە کێشی ٨٠ کیلۆدا "نووروڵڵا شاکیان" پلەی یەکەمی زۆرانی پاڵەوانیی ئێرانیان وەدەست هێنا.

## کێشهەڵگریی لاوانی ئێران و سەرکەوتنێکی دیکەی لاوانی کوردستان

کێشهەڵگریی لاوانی (ژێر ٢٠ ساڵ)ی ئێران کە لە شاری کرماشان دەستی پێ کردبوو، ڕۆژی ٣١ی خەرمانان کۆتایی پێ هات. لە ئاکامی ئەم یارییانەدا چەندین لاوی کورد سەرکەوتنی باشیان وەدەست هێنا:

ـ لە کێشی ٥٦ کیلۆدا، ڕەحمان عەزیزی لە کرماشان بە هەڵگرتنی ١٩٥ کیلۆ، پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

ـ لە کێشی ٦٢ کیلۆدا، حەسەن شوکری لە کرماشان بە هەڵگرتنی ٢٣٥ کیلۆ، پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

ـ لە کێشی ٦٩ کیلۆدا، مێهدی موحسینیفەڕ لە ئوستانی کوردستان بە هەڵگرتنی ٢٦٥ کیلۆ، پلەی سێهەمی وەدەست هێنان.

ـ لە کێشی ٧٧ کیلۆدا، سەجاد محەممەدی لە کرماشان بە هەڵگرتنی ٢٩٧/٥ کیلۆ، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

هەروەها لە ئاکامی گشتیی ئەم یارییانەدا تیمی خوزستان بە ٦١١ خاڵ، پلەی یەکەمو کرماشانو تاران بە ٤٩٩و ٤٩٣ خاڵ، پلەی دووهەمو سێهەمیان وەدەست هێنا.

## محەممەد خۆشروویی، قارەمانی ئێران

یارییەکانی قارەمانیی "کۆنگفۆ تو ئا"ی ئێران کە لە شاری ئیسفەهان دەستی پێ کردبوو، ڕۆژی ٥ی ڕەزبەر کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا محەممەد خۆشرەوویی لە ئوستانی کوردستان پلەی یەکەمی کێشی سێهەمی وەدەست هێنان.

## کەیوان جەوانشیرو پلەی سێهەمی یانەی (شمشیربازی) ئێران

ڕۆژی هەینی ٤ی ڕەزبەر لە جەرەیانی یارییەکانی یاریی شمشێری ئێران کە بە مەبەستی دیاریکردنی تیمی میللیی ئێران بەڕێوە دەچوو، لە بەشی فلۆرەدا کەیوان جەوانشیر لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

درێژەی لاپەڕی ٥

ڕاگەیاندوونو هەر شوێنێك کە ئاژانس بە پێویست بزانێ،

III) ڕەواندنەوەی ئەو پرسیارانە کە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ئاژانس لەسەر دەزگا گازییەکانی سانتریفیوژ (دوورکەوتنەوە لە ناوەند)، دروست بوون. هەوێنی ئەم پرسیارانە بریتییە لە ڕەوتی پەرەگرتنی تێکنیکی دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم تا ئاستی ئێستا لە ئێراندا.

Iv) دانی زانیاریی تەواو لەبارەی گوێزتنەوەی تاقیکارییەکانی بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆم،

V) دانی زانیاریو ڕوونکردنەوەو هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك کە ئاژانس بۆ چارەسەری هەموو کێشە گرنگەکانی پێوەندیدار بە تێکۆشانو ماددە ئەتۆمییەکانو یەك لەوان ئاکامەکانی نموونە هەڵگرتنەوە لە شوێنە دیاریکراوەکان، بە پێویستیان دەزانێ،

٥ ـ لە هەموو وڵاتانی سێهەم داوا دەکا کە بۆ ڕووناکایی خستنە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ ئاژانسدا، هاوکاریی نزیكو تەواویان هەبێ،

٦ـ لە ئێرانی دەوێ کە بێ دواکەوتنو بێ هیچ مەرج دانانێك لەگەڵ کارمەندان (ی ئاژانس) هاوکاری بکاو پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی مۆرو پەسند بکاو بە تەواوی بەڕێوەی بباو (هەروەها) بۆ متمانەدانو دڵنیایی، لەمەودوا بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی بجووڵێتەوە،

٧ـ داوا لە بەڕێوەبەری گشتی (یئاژانس) دەکا کە هەوڵەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا بەمەبەستی بەڕێوەچوونی ڕێککەوتننامەی تەئمینی (NPT)، درێژە بداو لە نوامبری ٢٠٠٣ (خەزەڵوەر، سەرماوەزی ١٣٨٢)دا، یا ئەگەر گونجا زووتر لەو کاتە، ڕاپۆرتێك لەبارەی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێشکێش بکا تا بەجۆرە دەستەی بەڕێوەبەران بە ئاکامی یەکلاکەرەوە بگا،

٨ـ بڕیار ئەوەیە ئەو مەسەلەیە هەر وا بە زیندوویی دەمێنێتەوەو تا گەیشتنە ئاکام کاری لەسەر دەکرێ.

**ن. نووریزادە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی فارسیو دەقە فارسییەکە لە سایتی "ایران امروز" وەرگیراوە.**

***

# بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 374    7 Oct 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


بەر لە ماڵاوایی

## سەرچۆپی کێشی شایی ڕەشبەڵەکی نەورۆز لە سەر ترۆپکی ئاگری

ع. وریا

ئەگەر دیتنی چەندین کەسایەتیی زانستی، ئەدەبی‌و نیشتمانپەروەری گەورەی کوردی لێدەرچێ، سەفەر بۆ بەغدای جاران بۆ کوردێکی ئێرانیی هەڵوەدای ئازادی کە لە کوردستانی عێراق گیرساوەتەوە، دەیتوانێ چ دڵخۆشی‌یەکی تێدابێ؟

یەکێك لە دڵخۆشی‌یەکانی من لە سەفەرەکانی ١٢ـ ١٠ ساڵی ڕابردووم‌دا بۆ بەغدا، دیتنی لە نزیکەوەی کۆمەڵێك لەو کەسایەتی‌یە زانستی‌و فەرهەنگی‌یانەی کورد بوو کە بە بۆنەی خزمەتی زۆریان بە زمان‌و ئەدەبیات‌و مێژووی کورد، سەبارەت بە وەفاداریی هەتاسەریان بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی، لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و لە نێو تێکڕای نەتەوەکەیاندا، خۆشەویست‌و جێگای ڕێزن. هێندێك لەو بەڕێزانە بەخۆشی‌یەوە هەر وا لە ژیاندا ماون‌و لە سەر خزمەتی خۆیان بەردەوامن. دوکتور کەمال مەزهەر، دوکتور ئاوڕەحمانی حاجی مارف، محەممەدی مەلا کەریم، عەبدولڕەزاق بیمار لەوانەن. ژمارەیەکیشیان لەم چەند ساڵەی دواییدا، چوونە ریزی نەمران. مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی کە بە دڵتەزێنترین شێوە شەهیدیان کرد، مامۆستا مەسعوود محەممەد‌و مامۆستا شکور مستەفا (کە ئەم دووانە، دواساڵەکانی ژیانیان هێنایەوە کوردستانی ئازاد)، لەو کەسایەتی‌یانەن کە بە داخەوە ماڵاوایی یەکجارییان لە خۆشەویستانیان خواستوە.


پاییزی ٦ ساڵ لەمەوبەر، جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا کە چاوم بە مامۆستای ڕەحمەتی شکور مستەفا بکەوێتەوە. لە ماڵە هەژارانەکەی‌دا، لەگەڵ بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە بەغدا، بە خزمەتی گەیشتین. ئەو نەخۆشی‌یە نەفسی‌یەی چەندین مانگ بوو شیرازەی ژیانی تێك دابووو چەتی لە نووسین‌و وەرگێڕان‌و زۆر کاروباری ئاسایی‌و ڕۆژانەی خستبوو، هێشتا بە تەواوی بەجێی نەهێشتبوو. بەو هۆیەوە کە سەربردەی ژیانی پڕ لە کولەمەرگیی زۆر زاناو بلیمەتی دیکەی کوردم بیستبووو خوێندبۆوە، بۆم ئاسایی بوو کە مامۆستا لە دوا ساڵەکانی تەمەنی‌و لە کاتێك‌دا گەیشتۆتە لوتکەی بەرهەمدان‌و داهێنان، لە پێتەختی وڵاتەکەی‌دا، ئاوا بە هەژاری‌و نەداری‌و دەسکورتی‌و پەرێشانی ببینم. دەمزانی ئەگەر زانست‌و ئەزموون‌و بیرو قەڵەمی خۆی خستبایە خزمەت دوژمنانی ئازادیی میللەتەکەی‌و پشتی لە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەی‌و کوردستانەکەی کردبا، پلەو پایەو ژیانی لە جێگایەکی دیکە دەبوو. بۆیە سروشتی بوو کە جارێکی دیکە ئەو پرسیارەم بە مێشکی دابێ‌و لە خزمەت ئەویش‌دا بیدرکێنم: باشە ئێستا کە تیشکی ئازادی بەشێك لە نیشتمانەکەیانی گرتۆتەوە، ئەو زاتانە بۆچی ناگەڕێنەوە ئەوێ کە بێگومان ڕێزیان دەگیرێ‌و مەیدانێکی باشیان بۆ خزمەت کردن دەخرێتە ئیختیار؟ ئەو کات شەڕی نەفرەتیی براکوژی لە کوردستان، ئەو دێوودرنجە بوو کە نەترەی هەموو دڵسۆزو خەمخۆرێکی کوردی بردبووو، دەست بەجێ لە وەڵامی پرسیارێکی لەو چەشنەدا بەچاویان‌دا دەدایەوە. بەخۆشی‌یەوە زۆری پێنەچوو حەزیای شەڕی شووم تۆپی‌و، مامۆستا شکور گەڕایەوە کوردستان. بەکردەوەش دیتمان کە وزەو تین‌و گوڕی بۆ ئەنجامدانی کارو خزمەتی بەنرخ لەو چەند ساڵەی دوایی لە کوردستانی ئازاددا ـ ئەگەرچی تەمەنی چووبووە سەرترـ بەڵام لە جاران زیاتر بوو.

هەر لەو سەفەرەم دابوو کە بە دەرفەتم زانی لە خەرمانی ئەزموون‌و زانیاری‌یە بەنرخەکانی، مەلۆیەك بۆ "کوردستان" بە دیاری بێنمەوە. بەرهەمی ئەو دیدارە وتووێژێك بوو کە لە پاشکۆی "ئەدەب‌و هونەر"ی ژمارە ٢٥١ی "کوردستان"دا بڵاوبۆوە. ئەگەرچی دەریای بیرو ئەندیشەو ئەزموون‌و تواناو بەهرەکانی مامۆستا شکور لەوە گەورەتر بوو لە جامووڵکەی وتووێژێك‌دا جێی بێتەوە، بەڵام هەر لەو وتووێژە چوار لاپەڕی‌یەدا، مامۆستا ڕەمزو نهێنیی جوانی‌و سەرکەوتوویی کاری خۆی لە بواری وەرگێڕان‌داو حیکمەتی شارەزایی‌و زاڵبوونی بەسەر زمانی کوردی‌دا، نیشان دابووو لەگەڵ چەندین ئامۆژگاریی بەنرخ‌دا خستبوونیە بەرچاوی ئۆگرانی کاری وەگێڕان‌و نووسین بە زمانی کوردی.

ئێستا کە بە دوای مەرگی ئەو ڕووناکبیر، نووسەرو وەرگێڕە گەورەی کورددا، جارێکی دیکە وتووێژەکەی دەخوێنمەوە، بە زەحمەت دەتوانم لە سەر وەڵامێك یا پاراگرافێك لە وەڵامێکی ساغ ببمەوە تا بیکەم بە گوڵی سەرچڵی ئەم باغچەیەم. چونکە هەموو وەڵامەکان پڕن لە دەرس‌و ئامۆژگاری‌و وتەی جوان‌و بەنرخ. بەو حاڵەش بەشێك لە وەڵامەکەی بە پرسیارێك لە بارەی مەرجەکانی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو، بۆ ئێرە هەڵ دەبژێرم کە نیشان دەدا لە بەرهەمی بیرو قەڵەمی ئەودا، زانست‌و خۆشەویستی، نەتەوەپەرستی، کوردیزانی، "دنیای جوانی وەك بەهار"و ئاواتی ڕزگاری، چەندە هونەرمەندانە دەستەملانی یەکتر دەبوون. ئێوەش بەو سەرنجەوە ئەم چەند دێڕە بخوێننەوەو پێم بڵێن کێ لە مامۆستا شکور لەبارترە بۆ سەرچۆپی‌کێشی ئەو شایی‌یە ڕەشبەڵەکەی بە بۆنەی نەورۆزی ڕزگاری‌یەوە لەسەر ترۆپکی چیای ئاگری وەڕێی خستوە؟

**"ئەمن پێش وەی یەشار کەماڵ بکەمەوە بە کورد دەمزانی یەشار دەیەوێ چ بڵێ! لە ئەفسانەی "چیای ئاگری"دا یەشار کوردایەتی کردوە، خۆی هەڵدەداتەوە . . . دەیەوێ بڵێ چی؟! دەیەوێ بڵێ ئەمن کوردم. بۆیە هەناسەم لەگەڵ هەناسەی، پێم، هەنگاوم، نیگام، هەست‌و نەستم لەگەڵ پێ‌و هەنگاو نیگاو هەست‌و نەستی یەشاردا ئاشنا بوون. عەبباسی بەدری، کە کوردێکی لوڕەو کوردیی سۆرانی وەك شێوە زاراوەکەی خۆی، ئەوسا کەمتر دەزانی، کە ئەفسانەی چیای ئاگری یەشاری بە کوردی‌یەکەی من خوێندەوە، خۆی پێنەگیرا، یەکسەر کردی بە عەرەبی، بۆی ناردم، خوێندمەوە، جوانی کردبوو بە عەرەبی، نازانم چی لێ کرد؟! عەباس بوو بە عاشقی ئەو داستانە. نەك تەنها لەبەر وەستایی یەشارو کوردی‌یەکەی من، بەڵکوو باسەکە هێند واق وڕهێنە، هێندەی چیای ئاگری خۆی، کۆنە چیا تەندوورەکەی ئەوسەری کوردستان، ئەو چیایەی کە پرۆمیتوسی لێ لە زیوس یاخی بووو یەکەم ئاگری لەو چیایە دزی‌و مرۆی فێرە ئاگرو ڕووناکی کرد، ئەو چیایەی کە "تەورات" دەڵێ کەشتی‌یەکەی نووح پێغەمبەری لە سەر نیشتەوە . . . ئەو چیایەی کە تا ئێستاش هەر تووڕەیە، بەڵام جارێ تووڕەیی‌یەکەی خنکاوە، ئاگری دەروونی خاو بۆتەوە، چاوەنۆڕی چەند "ئەحمەد"ێکی کوردی دیکەیە هەڵکاتە باوبۆرانی شۆڕشی گەورەی سەرلەبەری کوردستان . . . چاوەڕوانی ئەشقی "گوڵبەهار"ێکی دیکەیە، تا لەگەڵ "ئەحمەد"ی دوارۆژدا شادو شوکور بنەوە . . . و ئەوسا "خانی"یش‌و "جزیری"یش‌و "حەریری"یش‌و "نالی"یش‌و کوردییش‌و مەولەوییش‌و خانای قوبادییش‌و هێمنیش‌و هەژاریش‌و گۆرانیش‌و هتد . . . هەموو دەبن بە سەرچۆپی کێشی شایی ڕەشبەڵەکی نەورۆز لە سەر ترۆپکی ئاگری . . . زۆرم درێژدادڕی، بم بەخشە".**

## خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیاتی ٢٠٠٣ بۆ کۆئیتزی



فەرهەنگستانی سوئێد، جان ماکسۆل کۆئیتزی، نووسەری ٦٣ ساڵەی ئەفریقای باشووری بە شیاوی خەڵاتی نوبێلی ئەدەبیاتی ئەمساڵ ناساند.

زۆران وای بۆ دچوون کە خەڵاتی نوبێلی ئەمساڵ لە ئەدەبیات‌دا بدرێ بە شاعیری سووری ئەدۆنیس، بەڵام ئەو پێش بینی‌یە وەڕاست نەگەڕا.

جان ماکسۆل کۆئیتزی، چوارەمین نووسەری ئەفریقایی‌یە کە لە ماوەی ٢٣ ساڵی ڕابردوودا خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل وەردەگرن.

کۆئیتزی لە زانستگەی "کیپ تاون"ی ئەفریقای باشوور مامۆستای ئەدەبیاتەو تا ئێستا دوو جار خەڵاتی ئەدەبیی "بوکێر"ی وەرگرتوە کە بە ناوبانگترین خەڵات لە وڵاتانی ئینگلیسی زمان (بێجگە لە ئەمریکا)یە.


فەرهەنگستانی سوئێد "پێکهاتەی باشی وتاری کەسایەتی‌یەکانی چیرۆکەکان‌و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پرشنگدار"ی بە یەکێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە ناوبردوە. لە بەیاننامەی ئەو فەرهەنگستانەدا بەم جۆرە باسی کۆئیتزی، کراوە: "ڕوانینێکی تێکەڵ بە گومان‌و ڕەخنەگرانەی هەیەو ڕەخنەگرێکی بێڕەزای "فردگرایی" بێبەزەیی‌یانەو ئەخلاقی "ظاهرگرایانە"ی شارستانەتیی ڕۆژئاوایە".

بە ڕاگەیەندرانی ناوی "کۆئیتزی" وەك وەرگری نوبێلی ئەدەبیاتی ئەمساڵ، ناوبراو هەر تەنیا ناوبانگ‌و ئیعتیبارێکی تایبەتیی دەست ناکەوێ، دە میلیۆن کرۆن (بەرامبەر لەگەڵ میلیۆنێك‌و سێسەد هەزار دولاری ئەمریکا)یش پوولی نەغدی پێ دەبڕێ.

وا چاوەڕوان دەکرێ کە خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل لەگەڵ خەڵاتەکانی دیکەی بنیاتی نوبێل، ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابردوو، لە ڕۆژی ١٠ی دیسامبر کە ڕۆژی کۆچی دوایی ئالفرێد نوبێل، بنیاتنەری ئەو خەڵاتەیە، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی‌دا پێشکێش بکرێ.

**سایتی: gooya**

## پازدەهەمین ژمارەی گۆڤاری "لاوان" کەوتە بەردەستی خوێنەران





ژمارە١٥ی گۆڤاری "لاوان"، ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، دەورەی دووهەم، ساڵی چوارەم، وەك ژمارەکانی ڕابردوو لە چاپێکی جوان‌دا بڵاو بۆوە. ئەم ژمارەیەی "لاوان" کە تایبەتی هاوینی ئەمساڵە، زیاتر لە نیوەی لاپەڕەکانی خۆی بۆ بەڵگەنامەکانی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات کەمانگی گەلاوێژی ڕابردوو پێك هات، تەرخان کردوە.

لە تازەترین ژمارەی گۆڤاری "لاوان"دا، هەروەها کۆمەڵێك بابەت لە بوارەکانی ڕۆشنبیری، ئەدەبیات‌و سینەماو وەرزش‌دا بەرچاو دەکەون.

**ماندوو نەبوونی بە بەرپرسان‌و بەڕێوەبەرانی ئەو گۆڤارە جوانە دەڵێین‌و بەردەوامیی ئەوان‌و بەرەوپێش چوونی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری "لاوان"و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازین.**

### کارلسۆن، سەرۆك وەزیری پێشووی سوئێد لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ٤ی تەلفزیۆنی ئەو وڵاتەدا

## لەوانەبوو منیش لەگەڵ کوردەکان لە ریستۆرانی میکونووس وەبەر دەسڕێژی تیرۆریستەکان بکەوم



ئینگڤار کارلسۆن پاش تیرۆرکرانی سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێدو سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی وڵاتی سوئێد، "ئۆلۆف پالمە" بوو بە جێگری ئەو و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ سکرتێری حیزبەکەی بوو. ناوبراو بەم تازەییانە کتێبێکی بەناوی "ئاوا بیر دەکەمەوە" نووسیوەو ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٣/٩/٢٤ بەم بۆنەیەوە میوانی کاناڵی چواری تەلەفیزیۆنی سوئێد بوو. لە وتووێژەکەی‌دا چەند خاڵی گرنگ لەبارەی تیرۆری نەمر دوکتور سەعید شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی هاتە گۆڕێ. من بە پێویستم زانی ئەوەندەی پێوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی.

**بەڕێوەبەری کاناڵی چوار (ژنەکە):** . . . تۆ کرای بە جێگری وەزیرێکی کوژراو، ماڵەکەتیان ئاگر تێبەر دا بۆ ئەوەی بتکوژن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پۆلیسی ئاسایشی سوئێد قایمکاریی کرد، تووشی کێشەیەکی وەها نەبووی. دوای هەموو ئەمانەش "کارل بیلد" (سکرتێری پارتی موحافیزەکار) بەهۆی ئەوەی بە تەلەفوون داوای لەتۆ کرد خێرا بگەڕێیەوە بۆ سوئێد، گیانی تۆی لە مەترسیی کوشتن ڕزگار کرد. دەتوانی باسی ئەو ڕووداوەمان بۆ بکەی؟

**ئینگڤار کارلسۆن:** من چووبووم بۆ کۆبوونەوەی ئەنتیرناسیۆناڵی سوسالیست لە بەرلین، هەیئەتێکی کوردیش لەوێ بوون (مەبەستی کارلسۆن، شەهید دوکتور سەعیدو هاوڕێیانیەتی) کە پێشتر لە ستۆکهۆڵم یەکترمان بینی‌و بڕیار وابوو لە بەرلین وتووێژەکەمان درێژە پێ بدەین. قەرار بوو لە ڕێستۆرانێك‌دا کۆ ببینەوە، ئێمەش چەند کەس بووین، لەوانە: "پیتر شووری" (سەفیری سوئێد لە ئامریکا"و "مۆنا سالێن" وەزیری وەرزش. منیش ئامادەیی خۆم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەربڕی، بەڵام پێش دانیشتنەکە "کارل بیلد" تەلەفوونی بۆ کردم‌و منیش مەجبوور بووم زۆر بە پەلە بگەڕێمەوەو بەم جۆرە نەمتوانی لەگەڵ ئەوانی‌تر لە ریستۆرانەکەدا بم. پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم خەبەرم زانی کە ئەوان (پێم وایە لەلایەن پۆلیسی ئیتلاعاتی ئێرانەوە بوو) هێرشیان کرایە سەرو ئەو سێ هاوڕێیانەمان لەدەست چوون‌و خاوەنی ڕێستۆرانەکەشیان بەتوندی بریندار کرد. دیارە مرۆڤ کە دوایی بیری لێ دەکاتەوە، لە دڵی خۆی‌دا دەڵێ ئەگەر منیش لەوێ بوایەم، ڕەنگە وەك ئەوانم بەسەر هاتبایە.

**بەڕێوەبەری کاناڵی چوار (ژنەکە):** بەڕاستی شتێکی سامناکە، ئەمە نە تەنیا لە بیرکردنەوەدا، بەڵکوو ئەگەر تۆش لەوێ بای هەر بەو دەردەی ئەوان دەچووی.

ئینگڤار کارلسۆن: بێگومان وایە، بەڵام ئەگەر من لەوێ بوایەم ئێسکۆرتێکم لەگەڵ دەبوو. بەڵام ئیتر نازانم بیتوانیبایە شتێك بکا یان نا. ئەوە زۆر زەحمەتە کە مرۆڤ بڕیار بدا کە چۆن دەبوو. . .

**حامید درودی**    **لە سایتی "کوردستان میدیا" وەرگیراوە**

## کەنداوی فارس، ئەو کەنداوەی بووە بە گەنداو!



سایتی "قلم سبز" وەك وریا کردنەوەیەك ڕایگەیاند کە چوونی ئاوەڕۆی ژاراوی‌و تێکەڵ بە کودی شیمیایی‌و گەنداوە سنعەتی‌یەکان بۆ نێو ئاوی کەنداوی فارس، درێژەی ژیانی گیانلەبەرانی ئاویی لەگەڵ گێروگرفت بەرەو ڕوو کردوە. ئەو سایتە پشت ئەستوور بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوچەیی پاراستنی ژینگەی دەریایی (ڕاپمی)، نووسیویە: لە ئاکامی سەراو بوونی یەك میلیون‌و دووسەد هەزار بۆشکە نەوت لەو دەریایە لە ساڵێ‌دا، کەنداوی فارس بووە بە پیسترین دەریای جیهان. ئەوەندە نەوتەی لەم دەریایەدا سەراو دەکەوێ، سێ بەرابەری نەوتێکە کە لە دەریای شیماڵ‌و دوو بەرابەری نەوتێکە کە لە دەریای کارائیب‌دا سەراو دەکەوێ. ڕاپۆرتی "ڕاپمی" دەڵێ:

ولاتانی لێواری کەنداوی فارس٢ تا ٨ هێندەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاوەڕۆی ژاراوی‌و زیانبار دەرژێننە دەریای عەمان‌و کەنداوی فارس کە ئەمە بە توندی هەڕەشە لە ژینگەی دەریایی ئەو ناوچەیە دەکا". ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوچەیی پاراستنی ژینگەی دەریایی پاش ئاماژە بەوە کە "سەدی ٦٥ی سەرچاوە نەوتی‌یەکان‌و سەدی ٣٠ی پاشەکەوتی گازی جیهان لە ناوچەی کەنداوی فارس‌دا هەڵکەوتوە" دەڵێ: زیاتر لە ٧٦ میلیارد تۆن لە نەوتێك کە بۆ هەڵێنجان دەبێ، لەژێر یا دەوروبەری کەنداوی فارس دایەو سەرجەمی پاشەکەوتی گازی جیهان لەو ناوچەیەش‌دا دەگاتە ٣٢/٤ تریلیون میتری چوار گۆشە. بەم جۆرەو بە سەرنجدان بەوە کە سەدی ٦٠ی نەوتی نەپالێوراوی هەناردەی جیهان بە هۆی پاپۆڕەکانەوە بەو ناوچەیەدا ڕادەگوێزرێ، ئەو ناوچەیە تا دێ پیستر دەبێ، کە هەڕەشە لە سەرچاوەی سەرەکیی خواردن، ئاوی خواردنەوەو داهاتە میللی‌یەکانی وڵاتانی ناوچەکە دەکا".

**سایتی "ایران امروز"**

## ئەکبەری گەنجی
## کاندیدای وەرگرتنی خەڵاتی بەناوبانگی ساخارۆف

ڕۆژی چوار شەممە ١ی ئۆکتۆبر، فیدراسیۆنی سەوزەکانی ئورووپا، ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی ئێرانی، ئەکبەری گەنجیی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی بەناوبانگی ساخارۆف (تایبەت بە خەبات بۆ ئازادی‌و مافی مرۆڤ) کاندیدا کرد.

"دانیل کوهێن بەندیت" سەرۆکی هاوبەشی فراکسیۆنی سەوزەکانی پارلمانی ئورووپا، ئەکبەری گەنجیی بە کاندیدایەکی بە تەواوی گونجاو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی زۆر گرنگی ساخارۆف ناوبرد. ناوبراو گوتی کۆمەڵگەی جیهانی بەو هەڵبژاردنە نیشان دەدا کە پشتیوانی لە ئەکبەری گەنجی‌و هەموو ئەو پیاو و ژنانە دەکا کە لەهەلومەرجی دژواری ئێستا لە کۆمەڵێکی پڕ مەینەت‌و کوێرەوەری‌دا بۆ ئازادی خەبات دەکەن. بە گوتەی "دانیل کوهێن بەندیت" یەکیەتیی ئورووپا دەبێ فشارێکی زۆر بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی‌و لە هەموو ئیمکاناتی خۆی کەڵك وەربگرێ‌و بەم جۆرە پشتیوانیی خۆی لە ئەکبەری گەنجی‌و هاو چارەنووسەکانی نیشان بدا. هەر بۆیە لە وتووێژە سیاسی‌یەکانی‌دا دەبێ شێلگیرانە داوای ئازادیی دەست بەجێی ئەکبەری گەنجی بکاو ئەمەی وەك نیشانەیەك لە ڕەچاو کردنی مافی مرۆڤ لە ڕێبەرانی [ڕێژیمی] ئێران بوێ.

ئەکبەری گەنجی کە تەمەنی ٤٣ ساڵە، پاش گەڕانەوە لە کۆنفرانسی بێرلین (خاکەلێوەی ٧٩)، بیانووی پێگیراو لە ژانویەی ٢٠٠١ خرایە زیندان. گەنجی لە نووسراوەکانی‌دا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌و لە هەمووان زیاتر ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی بە دەست هەبوون لە تیروورە سیاسی‌یەکان‌دا تاوانبار دەکا. لە زیندانیش‌دا نامیلکەیەکی بە ناوی "مانیفێستی کۆمارخوازی" نووسی کە لەودا باسی کۆمەڵگەیەکی دیندار دەکا کە بەگوێرەی ڕێوشوێنەکانی سکولاریزم بەڕێوە دەچێ. لەو نامیلکەیەدا نیشان دراوە کە بە هۆی حکوومەتی ئاخوندان‌و لەژێر ناوی دین‌دا، ئێرانی‌یەکان بە کۆمەڵگەیەکی مودێرن‌و ئازاد ناگەن‌و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ ئەوەیە کە ڕوحانی‌یەکان ئیمتیازی تایبەتیان نەبێ‌و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵ بە دەنگی خەڵك هەڵبژێردرێن.

**سەرچاوە: B.B.Cpersian**